# بنیاتی زمان لە شیعریی «سەباح ڕەنجدەر»دا

م.ی. شەیدا باسم عبداللـە
زانکۆی کۆیە/ فاکەڵتی پەروەردە/بەشی کوردی
SangShaida.basim@koyauniversity.org

پ.ی.د. دەریا جمال حەوێز حەوێزی
زانکۆی کۆیە/ فاکەڵتی پەروەردە/بەشی کوردی
hayat.darya.jamal@koyauniversity.org

**پوختە:**
زمانی شیعری، یەکێکە لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی شیعر، شاعیر بە شێوەیەکی تایبەت مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، لە ڕێگەی بەکارهێنانی شێوازێکی تایبەت، زمانێکی تایبەت بە خۆی دروست دەکات، ئەزموون و بەهرە و لێهاتوویی خۆی لە ڕێگەی یاریکردن بە کەرەستەکانی زمان دەخاتە ڕوو. زمان لای «سەباح ڕەنجدەر» ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە چۆنیەتیی دروستکردنی جۆری وێنەی زەینیی بەشێک لەو وێنە زەینیانەی بە هۆی چۆنیەتی ڕیزبوونی کەرەستە زمانییەکان و ڕۆڵیان لە نێو ڕستەکانی زماندا دروست دەبن. لەڕێی زمانەوە ئەو تێهزریانە بۆ بەرانبەر دەگوازێتەوە. زمانی شیعری زمانی ویژدان و هەست و زەینی و لایەنی خودی مرۆڤی تێدا ڕەنگیداوەتەوە. زمانێکی خەیاڵی و ڕەمزییە. هەر بۆیە جۆرێک لەو وێنە زەینیانەی کە دروست دەبن، دەکرێت لە ڕاستیدا وێنەیەکی گواستراوەی واقیع بێت، بەڵام واقیعێک کە شتەکان تێیاندا واتایی بن. بۆیە زمان لە چوارچێوەی شیعردا بەپێی واتاسازی، لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

کلیلەوشە: بنیاتی زمان، شیعر، ئەزموون، سەباح ڕەنجدەر، تایبەتمەندی.

**پێشەکی**

بینـات بـە وێنـەی کۆمەڵێـک ڕەگـەزی ڕێکخـراو دێـت کـە هـەر ڕەگەزێـک لـە پێوەندیـدا بـە ڕەگەزەکانـی تـرەوە دیـاری دەکات. واتــە بنیـات ئـەو پێکهاتەیــە کــە بنیاتــەکان لــە هــەر دەقێکــی ئەدەبیــدا پێوەندییەکــی ڕاســتەوخۆی بەیەکــەوە هەیــە بــە گۆڕانــی یەکێکیــان، ئــەوی تریشــیان دەگۆڕێـت، یاخـود ئەگـەر یەکێکیـان بگۆڕدرێـت، ئەوانـی تـر وەک خۆیـان ێنێتـەوە، ئـەوا کەموکـووڕی لـە بنیاتەکانـی تـری بەرهەمــە ئەدەبییەکــەدا دروســت دەبێــت. کاری ئەدەبیــش لــە چەنــد بنیاتێــک پێــک هاتــووە، ئەوانیــش گرنکترینیــان، بنیاتــی زمانــە کــە خــاوەن تایبەتمەندیــی خۆیەتــی و وێنــای دروســتکەرەکەی، یــان خاوەنەکــەی دەکات کــە شــاعیر لــە ڕێگــەی نووســینی شــیعرەوە، بــەردەوام هەوڵــی نوێبوونــەوە بـۆ زمـان دەڕەخسـێنێت. لـەم ڕێگەیـەوە، مانـای سـواو و کـۆن فـڕێ دەدات و ڕۆح و واتایەکـی تـازە و نـوێ بەبـەر دادەکات. بەپێـی سـەردەمی شـاعیر مانـای نـوێ بگەیەنێـت و گوزارشـت لـە واتـا و دەلالەتێکـی نـوێ بـکات کـە لەگـەڵ سـەردەمەکە بگونجێـت. هەروەهـا پرۆسـەی داهێنانـی شـیعریی پـتر لـە بـواری داهێنانــی زمانــدا خــۆی دەنوێنێــت.

دەتوانیــن بڵێیــن زمانــی شــیعری، یەکێکــە لــە ڕەگــەزە ســەرەکی و بنەرەتییەکانــی شــیعر، شــاعیر بــە شــێوەیەکی تایبــەت مامەڵــەی لەگەڵــدا دەکات و لــە ڕێگــەی بەکارهێنانــی بــە شــێوازێکی تایبــەت زمانێکــی تایبــەت بــە خــۆی تێــدا دروســت دەکات، ئەزمــوون و بەهــرە و لێهاتوویــی خــۆی لــە ڕێگــەی یاریکــردن بــە کەرەســتەکانی زمــان هونەرەکانــی ڕەوانبێــژی دەخاتــە ڕوو، هــەر بۆیــە ئەرکــی زمــان لــە بــواری شــیعردا بریتییــە لــە لایەنــی ئیســتاتیکای شــیعرەکە لەگــەڵ نواندنــی وشــەکان.

بنیاتـی زمـان لـە دیوانـی «سـەباح ڕەنجـدەر»دا، هەوڵێکـە بــۆ تیشکخســتنە ســەر لایەنــی بنیاتــی زمانــی شــیعری لای شــاعیر، دیاریکردنــی تایبەتمەنــدی زمانــی شــیعریی شــاعیر، ئــەو ڕێبــازەی لــەم توێژینەوەیــەدا گیراوەتــە بــەر، ڕێبــازی شیکاری - وەسـفییە، بەمەبسـتی شـیکردنەوە و هەڵسـەنگاندنی بەرهەمـەکان و بـە دەسـتهێنانی ئامانجـەکان پێڕەوی لـێ کـراوە. هەڵبژاردنــی ئــەم ناونیشــانەش بــە هــۆی کەمــی ئەنجامدانــی توێژینــەوە لــە ســەر بەرهەمەکانــی شــاعیردا. جگــە لەمــەش بەرهەمەکانــی شایســتەی ئــەوەن بــە شــێوازێکی زانســتی بەپێــی میتۆدێکــی ڕەخنــەی هەڵســەنگاندونیان بــۆ بکرێــت.

توێژینەوەکــەش لــە دوو بــەش پێــک هاتــووە. بەشــی یەکــەم، لــە دوو تــەوەر پێــک هاتــووە؛ تــەوەری یەکــەم، بــاس لـە چەمـک و پێناسـەی زمانـی شـیعری کـراوە؛ تـەوەری دووەم، بــاس لــە ئەرکەکانــی زمانــی شــیعری لــە خوڵقاندنــی وێنــەی شــیعریدا کــراوە. بەشــی دووەمیــش، لــە دوو تــەوەردا بــاس لــە بنیاتــی زمــان لــە شــیعری «ســەباح ڕەنجــدەر»دا کــراوە؛ تــەوەری یەکــەم، بنەمــا گشــتییەکانی بەکارهێنانــی زمانــی شـیعری خراوەتـە ڕوو؛ تـەوەری دووەمیـش، بنەمـا خودییەکانـی زمانـی شـیعری خراوەتـە ڕوو. لـە کۆتاییشـدا ئـەو ئەنجامانـەی بەدەسـتمان هێنـاوە، بـە چەنـد خاڵێـک نیشـان دراون. دواتـر لیسـتی ئـەو سـەرچاوانەی لـەم توێژینەوەیـەدا سـوودیان لـێ وەرگیـراوە خراونەتـە ڕوو، دواتریـش پوختـەی توێژینەوەکـە بـە زمانـی کـوردی و عەرەبـی و ئینگلیـزی خراوەتـە ڕوو.

**بەشی یەکەم**

**زمانی شیعری**

**تەوەری یەکەم**

**چەمک و پێناسەی زمانی شیعری**

زمـان لـە ڕووی واتـای گشـتییەوە، بریتییـە لـە کۆمەڵـە هێمایــەک بــۆ گفتوگۆکــردن و لەیەکگەیشــتن. واتــە زمــان ئــەو گەوهەرەیــە کــە لــە دەســتی مرۆڤدایــە و لەڕێگەیــەوە دەتوانرێــت بیــر و داهێنــان و ئەزموونــەکان بگەیەنێــت بــە دەوروبــەر و نەوەکانــی داهاتــوو. «زمــان دیاردەیەکــی ئاڵــۆزە و چەنــدان بــوار دەگرێتــەوە، هــەر بوارێــک بــە شــێوەیەک لێکــی دەداتــەوە کــە ســوودی بــۆ بوارەکــەی هەبێــت، بــۆ ونــە فەلســەفە گرنگــی بــە زمــان دەدات لــە پرۆســەی ناسـین و پێوەندیـی زمـان بـە لۆژیکـەوە. ئیسـتاتیکی گرنگـی بــە جوانــی دەدات لــە دەقــدا، کــە دەڵێــن شــیعرێک لــە شــیعرێکی تــر جوانــترە، مەبەســتەکە هــەر تەنیــا واتــا نییـە، بەڵکـوو جوانکارییـە، کـە زیاتـر بـە زمـان دەکرێـت.» (ئەحمــەد،٢٠١٠،ل:١٠٤) ئــەدەب لــە ســادەترین پێناســەیدا بریتییـە لـە زمـان، چونکـە کەرەسـتەی دەربڕینـی ئەدەبیاتـە،

واتە یەکێک لە ئەرکەکانی زمان، ئەرکی شیعرییە، باشترین کەرەستەکانی ڕازاندنەوەی بەرهەمی ئەدەبییە. شیعریش وەک بەشێکی گرنگی ئەدەب، ڕاستەوخۆ بە زمان خۆی دەڕازێنێتەوە، شیعر لە کایەی زماندا ئەرکی نیشاندانی وێنەیە، یان گەیاندنی بیرۆکەیە. هەر بۆیە دەگوترێت: شیعر «دەربڕینێکی جوانە لەڕێی هەڵبژاردنی زمانێکی کاریگەر بۆ ڕاگەیاندنی پەیامەکەی بە پەیامەوەرگری دەقەکەیدا، لەم حاڵەتەدا دەقنووس وەک پەیامنێرێک هەوڵ دەدات کەرەستەی لەبار بۆ ڕاگەیاندنی بیر و بۆچوونەکانی لە نێو دەقەکەیدا هەڵبژێرێت کە ئەویش زمانە و بە بنەمایەکی سەرەکیی ئەدەب دادەنرێت.» (عەلی،٢٠١٥،ل:١٠٥) ئەو ڕەگەزانەی بەشداری لە پێکهێنان و بنیادنانی شیعر دەکەن بە گشتی، دابەش دەبنە سەر چەند جۆرێک، لەوانە: بیر، سۆز، خەیاڵ، زمان... هتد. زمان لایەنێکی هەرە گرنگی نێو ئەدەبە بەگشتی و شیعریش بە تایبەتی، ئەو زمانەش لەگەڵ زمانی ئاساییی ڕۆژانەی خەڵک جیاوازە.

هەر بۆیە «کاری ئەدەبی، بوونەوەرێکە شاعیر لە خودی خۆیەوە دروستی کردووە، زمانیش ماددەی ئەدەبە، بەڵام واتای خەڵقکردنی هونەری زاڵبوونی نووسەرە لەسەر زمان، بەوەی لە خود و ڕۆحی خۆیەوە دەیخاتە سەر... زمانیش وەسیلەی نووسەرە بۆ خەڵقکردنی ئەدەبی.» (گەردی،٢٠١٠،ل:٦٩). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زمانی شیعری، زمانی خودی نووسەرە، یان شاعیرە و ئامانجی یەکەمی داهێنان و خەڵقکردنە، واتە زمان دەورێکی یەکجار بەرزی لە بواری ئەدەبدا بە گشتی و شیعر بە تایبەتی هەیە، زمانیش لە بواری شیعردا «ئامرازێک نییە بۆ دەربڕین، بەڵکوو خوڵقێنەری واتای واتایە کە پێشتر لە ئارادا نەبووبێ، شاعیر لە بەکارهێنانی ئەو وشەیە وەک پارە دەستاوەدەستی پێ کرابێ، ئازاری دەدات.» (حبیب اللە،٢٠١٣، ل: ٤٤). شیعر پێکهاتەیەکی زمانەوانی و هونەرییە زیندووکەرەوەی زمانی کۆمەڵگەکان و هێنانەکایەی زمانێکی نوێیە کە خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی و وێنای خاوەنەکەی دەکات، شاعیر لە ڕێگەی نووسینی شیعرەوە، بەردەوام هەوڵی نوێبوونەوە بۆ زمان دەڕەخسێنێت و لەم ڕێگەیەوە

مانای سواو و کۆن فڕێ دەدات و هەوڵی دۆزینەوەی مانای تازە و ڕەهەندی نوێ بۆ وشە دەدات. بۆیە زمانی شیعری، دیاردەی ژیان وەردەگرێت. شاعیر لە دەروونی خۆیەوە وشەی بۆ دەدۆزێتەوە و بە زمانێکی سەردەمیانە، کە تەنیا شاعیر توانای بەکارهێنانی زمانێکی شایستەی شیعرەکەی هەیە. زمانی شیعر پێکهاتەیەکی سەربەستە، خۆی بە کۆت و بەندەکانی زمانی ئاسایی نابەستێتەوە. شاعیر بە پێوەری خەیاڵ شتەکان دەردەبڕێت. وشەکانی لە کاتی بەکارهێنانیان لە سروشتی خۆیان دەردەکات، چونکە «زمانی شیعری، ئەو زمانەیە تا پێی دەکرێت بە وێنە، بە ڕەمز بە هێمای جۆراوجۆر خاوەنەکەی تەعبیر لە خۆی دەکات...، یان شاعیر ئەو کائینەیە لە دوو توێی زمانەکەی خۆیدا زمانێکی دیکە دەهێنێتە کایەوە.» (مەلا،٢٠٠٥، ل:٢٢-٤٩). واتە شیعر ڕێزمانێکی تایبەتی نییە کە مرۆڤ وەک ڕێزمانی هەر زمانێکی تر فێری ببێ، بەڵکوو هەر شاعیرە و بەپێی توانا و ئەزموونی خۆی، لە ڕێگەی بەکارهێنانی شێوازێکی تایبەت زمانیکی تایبەت بە خۆی تێدا دروست دەکات.

هەر لەم بارەوە «ئەدۆنیس»ی شاعیر، جیاوازی لە نێوان زمانی ڕۆژانە لەگەڵ زمانی شیعریدا دەکات و دەڵێت: «زمانی ئاسایی، زمانی ڕوونکردنەوەیە؛ زمانی شیعری، زمانی ئاماژەیە، زمانی وێنەیە. شیعر ئەو شتانە دەڵێت کە بە زمانی ئاسایی ناگوترێن.» (بۆڵی،٢٠١١،ل:١٢١). ئەگەر شیعر زیادەڕۆیی و ڕووبەڕووبوونەوە بێت لەگەڵ حەقیقەتی ناوەکیی شتێک یان هەموو دونیا دەبێت زمان لە مانای ئاساییی خۆی لا بدات. زمانی شیعر، هێمایە لە کاتێکدا زمانی ئاسایی، زمانی ڕوونکردنەوەیە. دەقی زەینی، تێپەڕاندنی بەربەستەکانی زمانی فەرهەنگییە لەسەر بنەمای توانای کولتووری شاعیر. شاعیری داهێنەر، توانای ئەوەی هەیە وێنەی شیعری بگۆڕێتە دۆخی تێگەیشتن و مانا. لە ڕێگەی چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمانی شیعرییەوە دەتوانرێت بەهرە و لێهاتوویی توانا و زاڵبوونی شاعیر بە سەر زمانەکەی و ئاستی داهێنانی دەقەکە دیاری بکرێت، هەر بۆیە دەگوترێت: «شاعیر کوڕی زمانەکەیەتی و تاکە کەرەستەشی زمانە.» ( عبداللطیف،٢٠٠١، ل: ٢٦)،

یاخـود دەڵێـن: «شـاعیر، زمانـە.» (عەبدولواحیـد و مهـدی، ٢٠٠٨، ل: ١١)، کەواتـە شـیعر هونەرێکـە، شـاعیر لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی زمـان وەکـوو کەرەسـتەیەکی زمانەوانـی بـەکاری دەهێنێـت، چونکـە پرۆسـەی داهێنانـی شـیعری پـتر لـە بـواری داهێنانـی زمانـدا خـۆی دەنوێنێـت. واتـە گشـت ئـەو داهێنـان و گۆڕانکاریانـەی لـە بـواری ئـەدەب بـە گشـتی و شیعر بـە تایبەتـی دەکرێـت، ئـەوا لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی زمـان و کەرەسـتەکانی نـاو زمـان ئەنجـام دەدرێـن، هـەر بۆیـە «ڕەسـووڵ حەمزاتۆف»یـش دەڵێـت: «پیاوێـک بیەوێـت شـیعر بنووسـێت و زمانیـش نەزانێـت، وەکـوو کەسـێکە مەلەوانییـش نەزانێـت و خـۆی فـڕێ بداتـە نـاو ڕووبارێکـی هەڵچـووەوە.» (حبیـب الـلە، ٢٠١٣، ل: ٣٨). لـە بـواری ئەدەبیاتـدا، زمـان چاوەڕوانـی خەیـاڵ دەکات؛ خەیاڵێکـی داهێنـەری جـوان بـەکاری بهێنێـت، چونکـە داهێنـان خـۆی شـکۆمەندیی ئەدەبـی و دۆخێکـی شـکۆمەندیی مرۆڤانەیـە «زمـان نیشـانەیەکە لـە نیشـانەکانی دۆخگۆڕیـن، ڕاسـتەوخۆ کرۆکـی دۆخگۆڕیـن نییـە.» (ڕەنجـدەر، ٢٠١٣،ل:١٥) لـە بـەر ئـەوەی وێنـەی شـیعری، زمانێکـی هەڵچوونـی هێماییـە، نزیکـە لـە جووڵـەوە. بەکارهێنانـی زمـان لـەم سـەردەمەدا، لەگـەڵ گۆڕانـی سـەردەم و جـۆری وێنـەکان، گۆڕانـی بەسـەردا هاتـووە، بـە تایبـەت لـە وێنـەی زەینیـدا، زمـان زیاتـر بووەتـە زمانێکـی زەینـی و واتایـی.

**تەوەری دووەم**

**ئەرکەکانـی زمانـی شـیعری لـە خوڵقاندنـی وێنـەی شـیعریدا**

زانسـتی زمـان، وەک زانسـتێکی پێوەنـدار و وابەسـتە بـە مێشـک و فەرهەنگـی عەقڵییـەوە، بەشـێکی لێکۆڵینەوەکانـی بـۆ تێگەیشـتن لـە چۆنیەتـی کارکـردن و دەرخسـتنی توانـا کارامەییەکانـی فەرهەنگـی عەقڵییـەوە تەرخـان دەکات. لـە ڕوانگـەی زانسـتی زمانـەوە فەرهەنگـی عەقڵـی وا پێناسـە دەکرێـت کـە «کۆگایەکـی زینـدووی هەمیشـە نوێکراوەیـە بـۆ یەکـە زمانییـەکان و زانیاریـی پێویسـتی لەگـەڵ تاکـە تاکـەی وشـەکان هەڵگرتـووە لـە مێشـکی هـەر ئاخێوەریکـی زمانـدا لـە بـارەی واتـای وشـەکان و ئـەرک و پۆلـی مێشـکی هـەر ئاخێوەریکـی زمانـدا لـە بـارەی واتـای وشـەکان و ئـەرک و پۆلـی وشـەکان و چۆنیەتیـی درکاندنیـان، ئـەو زانیاریانـەش کـە زانیاریـی فۆنۆلۆژیـی مۆرفۆلۆژیـی سـینتاکس سـیمانتیکی دەگرێتـەوە.» (قادر،ئەحمـەد،٢٠٢١،ل:٢١٦) فەرهەنگـی عەقڵـی بەشـە هـەرە سـەرەکییەکەی نـاوەوەی زمـان پێـک دەهێنێـت، چونکـە ئـەم فەرهەنگـە هـەر تەنیـا کۆگایـەک نییـە بـۆ هەڵگرتنـی زانیارییـەکان، بەڵکـوو تیایـدا میکانیزمـی جۆراوجۆریـش لەخـۆ دەگرێـت بـۆ بەکۆدکـردن و هەڵوەشـاندنەوەی ئـەو کـۆدە زمانییانـەی کـە لـە خۆیانـدا هەڵگـری پەیـام و واتـای زمانیـن. واتـە زمـان و بەکارهێنانەکانـی پێوەندیـی توندیـان بـە کـۆی زانیارییـەوە هەیـە. کۆزانیاریەکانیـش بـەوە لێـک دەدرێنـەوە کـە ئـەو کردەیـە تـاک دەتوانێـت هەژموونـی عەقـڵ بەسـەر بابەتێکـی دیاریکـراودا بچەسـپێنێت و تایبەتـە جیاکارییەکانیشـی دەربخات، هـەر لـەم ڕوانگەیـەوە بـۆ دروسـتبوون و گواسـتنەوەی تـەواوی چەمکـەکان، پاشـان کۆکردنەوەیـان لـە شـێوەی پێڕەوێکـی سیسـتەماتیکدا پێویسـتە ئـەوە دەر بخـەن کـە وێنـەی زەینـی، ڕۆڵێکـی چـالاک دەبینێـت لـە گەیاندنـی کۆزانیاریەکانـدا. لـە لایەکـی تریشـەوە، خـودی کۆزانیاریـی بەرفـرەوان لای تـاک دەبێتـە هـۆی چالاککردنـی پێـڕەوی چەمکـەکان لـە هـزردا، پاشـان نواندونیـان لـە وێنەکانـدا. دەشـێت ئـەم لایەنـەی وێنـەی زەینـی لـە ڕێگـەی یاسـاکانی سـەرتۆپ و تیشـکۆوە دەسـتکاری بکرێـن. (مەحمـوود،٢٠١٣،ل: ٩) واتـە بەشـێک لـەو

وێنــە زەینیانــەی کــە دروســت دەبــن بــە هــۆی چۆنیەتیــی ڕیزبوونــی کەرەســتە زمانییــەکان و ڕۆڵیــان لــە نێــو ڕســتەکانی زمانــدا. واتــە لێــرەدا زمــان ڕۆڵــی ســەرەکی دەبینێــت لــە بەشــێک لــە چۆنیەتــی دروســتبوونی جــۆری وێنەکــە، چونکــە بــە گرنگیــدان بــە هــەر کەرەســتەیەکی زمانــی لــە نێــو ڕســتەکەدا شــاعیر دەتوانێــت وێنەکــەی لــێ پێــک بهێنێــت. لێــرەدا چەمکــی وێنــەی زەینــی «وەک هەرجەســتەیەک کــە بــە وشــە شــیعرییەکان لــە مێشــکدا بــەرز دەکرێتــەوە، بــە مەرجێــک ئــەم جەســتەیە دەربڕیــن و پێشــنیازکەر بێــت، واتــە چەمکــی خــۆی وێنەیەکــی پێکهاتەییــی زەینییــە کــە بــە شــێوەیەکی گونجــاو یــان بــە بــەراورد لــە نێــوان دوو توخمــدا ڕوو دەدات کــە یەکیــان ڕووکــەش و ئــەوی تریــان نادیــار بێــت.» (الرشــیدی،٢٠١١،ل:٥٨).

هەمــوو مرۆڤێــک خەیــاڵ و بیرکردنەوەکانــی فرەوانــترە لــە وێناکــردن و ئــەو دەربڕینانــەی کــە بــە هــۆی زمانەکەیــەوە گوزارشــتی لــێ دەکات، زمــان چەنــدە هــۆکاری ئاشــکراکردن و گواســتنەوەی بیــر و ئایدیاکانــە، هێنــدە زیاتریــش دەستەوەســتانە لــە گەیاندنــی ســەرجەمی زانیارییەکانــی مێشــکی مــرۆڤ هۆکارەکانــی وەک نەخۆشــی، ماندوێتــی، ئــازار، دڵخۆشــی، دڵتەنگــی، ئاســتی ڕۆشــنبیری... هتــد، کــە هــۆکارن لــە بــەردەم گەیاندنــی هــزری مــرۆڤ بــە جیهانــی دەرەوە، ســەرەڕای ئەمانــە، کولتووریــش هۆکارێکــی دیکەیــە کــە زمانــی مــرۆڤ ســنووردار دەکات. (قــادر و ئەحمــەد،٢٠٢١ل:٢١٧). «گــۆران»ی شــاعیر، دەرکــی بــەو بێدەســەڵاتییەی زمــان لــە ئاســت هــزردا کــردووە، واتــە بێهێزیــی زمانــی دەرەوە بــە هێــزی زمانــی نــاوەوەی بــۆ دەرکەوتــووە، لــە هۆنــراوەی «هەڵبەســتی دەروونــدا» دەڵێــت:

هەرچەنـد ئەکـەم ئـەو خەیاڵـەی پێی مەسـتم
بـۆم ناخرێتـە نـاو چوارچێـوەی هەڵبەسـتم!
لێکدانــەوەی دەروون، قســەی زمانــم:
بۆچــی وەهــا دوورن لــە یــەک؟ نازانــم!

(کەریم،٢٠٠٤، ل:١٢١)

هــەر لــە بــەر ئــەوەی وێنــەی شــیعری یەکێکــە لــە ڕەگــەزە بنچینەیەکانــی شــیعر، واتــە زمانیــش بــە یەکێــک لەڕەگــەزە هــەرە گرنگەکانــی وێنــەی شــیعری دادەنرێــت، شــاعیر بــە هــۆی وێنــەی شــیعریەوە شــتە نائاشــناکان بەرجەســتە دەکات کــە بــە هــۆی زمانــەوە دەردەبڕێــت. پێوەندیــی نێــوان زمــان و وێنــەی شــیعری لــە ســەر ئــەو بنچینەیــە بنیــات نــراوە کــە وێنــە دەتوانێــت پێوەندیــی نــوێ بــۆ وشــەکان بخوڵقێنێــت. «تــۆدۆروف» لای وایــە، ئــەدەب بریتییــە لــە «سیســتەمێک لــە ئامــاژە و بــە هــۆی بنیــادی زمانــەوە بنیــاد دەنرێــت و لــە پلــەی دووەمــدا ئــەدەب سیســتەمێکی دەلالییــە.» (عمامــرة,٢٠١٨) بێگومــان زمــان کارگــەی دروســتکردنی وشــەیە و هیــچ شــاعیرێک ناتوانێــت بــە بــێ بەردەوامــی و قووڵبونــەوە لــە زمــان و باکگراونــدی زمانــی، درێــژە بــە ئەزموونــی شــیعریی خــۆی بــدات. شــاعیر کاتێــک لــە زمانــدا دەتوانــێ نوێبوونــەوە بــکات ئــەوا لــە شیعریشــدا دەتوانــێ هەمــان نوێبوونــەوە بــکات. چونکــە «شــاعیری بلیمــەت زمانــی پاشــەڕۆژ دەخوڵقێنێــت. پییرگامــارا پێــی وایــە، دەقــی زینــدوو هەمیشــە ئاوســە بــە داهێنانــی نــوێ و زمانــی دروســت دەخوڵقێنێــت.» (دەوەن،٢٠١٠،ل:٨٠) واتــە شــاعیر لــە نێــو فەرهەنگــی زمانەکەیــدا وشــەی نــوێ دادەڕێژێــت و واتــای نــوێ بــە بــەردا دەکات. واتــە گەشــەکردنی زمــان، زیاتــر لەســەر دەســتی شــاعیردایە. هــەر بۆیــە ئەگــەر ســەیر بکەیــن، وشــەکانی فەرهەنــگ زیاتــر لەگــەڵ بەکارهێنانەکانــی شــاعیر دەتوانێــت زینــدوو و بەرگێکــی نوێــی هەبێــت. زمانــی شــیعری کاتێــک چێــژ بــە خوێنــەر دەبەخشــێت «ســنووری حــەرام و نەوتــراوەکان دەبەزێنێــت و بــە واتــا و دەلالەتــی مەعریفــە و گۆڕانکارییــە ڕیشــەیییەکانی کۆمــەڵ و کولتــوور بخاتــە ڕوو، ئەمــەش ســەرچاوەکەی لــە ئەزموونــی شــیعری و باکگراونــدی ڕۆشــنبیریی نووســەرەکەیدایە، تــا چەنــد توانیویەتــی جیاوازیــی پۆزەتیڤانــەی زمانــی شــیعری و مەعریفــی لــە دەقەکەیــدا بخاتــە ڕوو.» (عەســکەر،٢٠٠٩،ل:١٣٦)

لێــرەدا وێنــەکاری لــە زەینــدا لــە پێنــاو گەیشــتن بــە وێنــەی زەینیــدا بریتــی دەبێــت لــە لێکۆڵینــەوە و نواندنــی ئــەو پێوەندیانــەی کــە زانیارییــە زمانییــەکان دروســتی دەکــەن لــە زەینــدا و ڕوونکردنــەوەی ئــەو پێوەندییانــە کــە لــە زەینــی قســەکەردا ڕێــک دەخرێــن، بــە مەبەســتی دەربڕینیــان و ئــەم پێوەندیانــەش دەگرێتــەوە کــە گوێگــر بــەکاری دەهێنێــت لــە پێنــاو دروســتکردنی زنجیرەیەکــی لەیەکنەپچــڕاوی تێگەیشــتندا.

(مەحمـــوود، ٢٠١٣ ل: ١١) واتــە زمــان لێـرەدا دەبێتــە پــردی بــە یەکگەیتشـن و تێگەیشـتن لـە نێـوان زەینـی شـاعیر و ئـەو وێنـە زەینیـەی لـە ڕێگـەی دەقەکـەوە لـە زەینـی وەرگـردا دروسـت دەبێـت، چونکـە دەقـی مەعنـەوی و نافیزیکـی کـە لـە زەیـن و خەیاڵـی تاکـدا ئامادەیـی هەیـە، پێویسـتی بـە زمانـە، تـا وەکـوو بوونـی فیزیکیانـەی خـۆی بسـەلمێنێت. لەبـەر ئـەوەی زمـان لـە پرۆسـەی بەرهەمهێنانـی دەقـدا، ڕەهەنـدی سـەرەکییە. هـەر بۆیـە دەق جارێکـی تـر پێویسـتە بگەڕێتـەوە نـاو شـیکردنەوەی زمانەوانییـەوە بـۆ ئـەوەی پێکهاتـە و چۆنیەتـی دروسـت بوونـی ڕوون ببێتـەوە. جۆرێـک لـەو وێنـە زەینیانـەی کـە دروسـت دەبـن دەکرێـت لـە ڕاسـتیدا وێنەیەکـی گواسـتراوەی واقیـع بێـت، بـەڵام واقیعێـک کـە شـتەکان تێیانـدا واتایـی بـن، بـۆ نموونـە دەنـگ ڕاسـتە بـەر هەسـتی بیسـتن دەکەوێـت، بـەڵام ناتوانیـن وەک پەرتووکێـک بەرجەسـتە بکـەوێ و دەسـتی لـێ بدەیـن، یـان ڕەنـگ و بـۆن بـە هەمـان شـێوەیە، ئەمانـە لـە واقیـع هـەن، بـەڵام واتاییـن و جەسـتەیەکیان نییـە بەرانبەریـان دابنرێـت، هـەر یـەک لـە بـۆن و ڕەنـگ چەنـدان جۆریـان هەیـە، بـەڵام بـە هـەر هەموویـان دەڵێیـن ڕەنـگ و بـۆن، ئینجـا خـۆش و ناخـۆش، یـان جـوان و ناشـیرین بـن. (مـەلازادە،٢٠٢١،ل:٣٩) لـە پێکهێنانـی ئـەم جـۆرە وێنـە زەینیانـەدا شـاعیر لـە هەڵسـوکەوتی لەگـەڵ وشـە دەبـێ هـەر وەک وەسـتای دیوارێکـی شـارەزا ڕەفتـار بـکات.

شـاعیری زانـا و بـە دەسـەڵات، وشـە بـە مانـا بـاوە فەرهەنگییەکـەی بـەکار ناهێنێـت، وزە و هێـزی نوێـی پـێ دەبەخشـێت، چونکـە شـاعیر کاتێـک هەوڵـی ئـەوە دەدات وێنەیەکـی زەینـی دروسـت بـکات، ئـەوا لـە هەوڵـی تەوزیفکردنـی فیکـر و تێهزریندایـە لـە نێـو شـیعردا. لەڕێـی زمانـەوە ئـەو تێهزریانـە بـۆ بەرانبـەر دەگوازێتـەوە. زمانـی شـیعری، زمانـی ویـژدان و هەسـت و زەینـی و لایەنـی خـودی مرۆڤـی تێـدا ڕەنگـی داوەتـەوە. زمانێکـی خەیاڵـی و ڕەمزییـە لـە سـەرووی زمانـی ئاساییەوە. ئەگـەر چـی زۆربـەی ئـەو زاراوانـەی کـە شـاعیر بەکاریـان دەهێنێـت، دەسـتەواژەی ئاسـایین و شـاعیر بـە شـێوەیەکی سـەرنجڕاکێش و ئاماژەدار، واتـا بـە بـەر وشـەکاندا دەکات. هـەر بۆیـە زمـان لـە چوارچێـوەی شـیعردا بەپێـی واتاسـازی لێکدانـەوەی بـۆ دەکرێـت. لـە بـەر ئـەوە تێگەیشـتن لـە بەرهەمێکـی ئەدەبـی بـە شـێوەیەکی گشـتی پێویسـتی تێڕامـان و بیرکردنـەوە و لێکدانـەوە هەیـە. زمانـی شـیعر، دیاردەیەکـی تـەواو ئاڵـۆزە، چونکـە نـە کات نـە شـوێن نـە ڕێزمـان نـە یاسـاکانی واتاسـازی نـە ڕێنـووس سـنووری بـۆ دەکێشـن و لـە دەسـەڵاتی کـەم ناکەنـەوە. بـۆ بەرجەسـتەکردنی خەیـاڵ و زمانـەش لـە زەینـی خوێنـەردا پێویسـتمان بـە وێنـەی شـیعری هەیـە. بێگومـان وێنەیەکـی شـیعرییش کـە خەیاڵێکـی زینـدوو، زمانێکـی زینـدوو دەگوازێتـەوە، دەبێـت زینـدوو بێـت. ئـەو ڕەگـەزە زیندووانـە خـۆ ناتوانـن لـە جەسـتەیەکی مـردوودا بژیـن و گەشـە بکـەن. گومانیـش لـەوەدا نییـە، شـیعرێکی مـەزن بـە بـێ وێنـە بوونـی نییـە. وێنـە بناغـەی هەمـوو شـیعرێکی مەزنـە.

«لاکان»یـش لەژێـر کاریگەریـی میتـۆدی دەروونیـی «فرۆیـد»دا باسـی پێوەندیـی نێـوان زمـان و ناخودئاگایـی کـردووە و بـە یەکەوەیانـی دەبەسـتێتەوە، دەڵێـت: «بونیـادی ناخودئـاگا لەگـەڵ بونیـادی زمـان، بـە یەکـەوە بەسـتراون.» (ئیرشـاد،٢٠١٤،ل:٥) شـاعیر بـە هـۆی خەیاڵـی داهێنەرانـەی خۆیـەوە، زمـان تێـک دەشـکێنێت و ناچـاری دەکات بـە ویسـتی شـاعیر بجووڵێتـەوە، چونکـە مـرۆڤ لـە ئاسـتی زمانـی ڕۆژانـەدا وەک کۆیلـە وایـە، بـەڵام شـاعیر خـۆی لـەم کۆیلایەتییـە ڕزگار دەکات و لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی فەرهەنگـی زمانەکەیـدا، بـە شـێوازێکی نـوێ و جیـاواز واتـا و بەکارهێنانـی وشـەکان گۆڕانـکاری بـە سـەردا دەهێنێـت و زمانێکـی خـودی و تایبـەت بـۆ خـۆی بەرجەسـتە دەکات. ئەگـەر «شـاعیر ئـاگای لـە نهێنییەکانـی زمـان و مەعریفـەی زمـان و ئیسـتاتیکای زمـان نەبێـت، ناتوانێـت زۆر شـت بڵێـت.» (و:عەبدولـلا،٢٠٠٨،ل:٥٢) زمـان بەرهەمێکـی هزرییـە و ڕەنگدانـەوەی سـیما گشـتییەکانی هـزر و تێڕوانیـن و جیهانبینیـی ئاخێوەرانیەتـی. هەروەهـا زمـان لـە خۆخاڵیکردنـەوە و خسـتنەڕووی بـاری دەروونیـی مرۆڤـدا، ئامرازێکـی شـیاو و گرنگـە. واتـە زمـان ئـەو ئامرازەیـە، مـرۆڤ لـە ڕێگەیـەوە دەتوانێـت هەمـوو زانیارییەکانـی خـۆی سـەبارەت بـە دەرەوە و نـاوەوەی خـۆی بخاتـە ڕوو. لـە کار و بەرهەمـی ئەدەبیشـدا، شـاعیران یـان نووسـەران هـەوڵ دەدەن بەپێـی توانـا و ئاسـتی ڕۆشـنبیریی خـۆی جوانـتر و پـڕ ماناتریـن

و ناسکترین هەست و خەیاڵ و بیری خۆی لە ڕێگەی وێنەیەکی هونەرییەوە کە لە چەند وشە و دەربڕینێک پێک هاتووە دەرببڕێت و بیخاتە ڕوو. لە بواری شیعردا زمان سیستەمێکی خاوەن توانای شاراوەیە بۆ داهێنان لە ڕێکخستن و دەربڕینی بیر و باوەڕەکاندا، چونکە پێوەستییەکی زۆر بەهێز لە نێوان زمان و جیهانی زەین و دەروونی مرۆڤدا هەیە. زمان ڕەنگدانەوە و بەرهەمی هزر و کولتوور و ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵەیە کە قسەی پێ دەکەن. ئەدەب پێکهاتەیەکی زمانییە. واتە زمان کەرەستەی سەرەکی ئەدەبە هەر بەرهەمێکی هونەری دوای چالاکیی ەکی داهێنەرانەی زەینی هەوێن دەکرێ، کە ئامرازەکەش لە زمان پێک هاتووە. بەکارهێنانی زمان لە ئەدەبدا، بە تایبەت لە شیعردا، بەکارهێنانێکی ئاسایی و سادەی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی زمانەکە نییە، بەڵکوو بەکارهێنان و ڕێزبوونیکی جیاوازی هەیە کە زۆربەی بەکارهێنانەکان شکاندن و بەزاندنی یاساکانی زمانن.

**بەشی دووەم**

**تایبەتمەندییەکانی بنیاتی زمان لە شیعری «سەباح ڕەنجدەر»دا**

زمان بنیادێکی گرنگ و سەرەکی شیعر پێک دەهێنێت، شاعیر لە پرۆسەی بەرجەستەکردنی بیر و تێڕوانین و گواستنەوەی وێنە زەینییەکانی خۆی، لە ڕێگەی زمانەوە بەرجەستە دەکات. هەر بۆیە «زمان کیمیای شیعرە، شیعر و کیمیا لە یەک دەچن، کیمیا لەسەر گاز و ماددەکان، شیعر لە سەر زمان کار دەکات. کارکردن لە زماندا، ڕەهەندی کیمیاگەرانەی شاعیر دەردەخات، ئەمەش ئەو کاتە دەردەکەوێت کە بزانین چۆن زمان بەکار دەهێنێت... شاعیریش سروشتی کیمیاگەری هەیە، بەڵام بە کەرەستەی خۆی کە زمان وشەیە، هەموو ئەو وشانەی لە دەقێکدا بەکاریان دەهێنێت، دەبێت ژیانێکی نوێیان پێ ببەخشێت. جۆرێک لە هارمۆنیا لە نێوان وشەکاندا دروست بکات. وشەکان مانا فەرهەنگییەکانیان بەجێ بهێڵن. ئەگەر ئەمە ڕووی نەدا، ئەوا شتێک لە ئارادا نابێت بە ناوی کیمیای شیعر.» (لەتیف،٢٠٢١،ل:٩٢)

واتە شیعر پێویستی بە زمانێکی پڕ لە نهێنی هەیە، چونکە پێویستی بەوەیە واتای نوێ بخوڵقێنێت کە پێشتر بەو شێوە و واتایە بەکار نەهاتووە. زمانی شیعر بریتییە لە تێکشکاندنی ئەو سیستەمە ڕێزمانی و واتاییەی ئێمە بە هۆیەوە لە یەکدی دەگەین. سەباح ڕەنجدەریش هەر وەک شاعیرانی تر، توانیویەتی سوودێکی زۆر لە فەرهەنگی زمانی کوردی وەربگرێت و لە ڕێگەیەوە زمانێکی تایبەت بە خۆی بدۆزێتەوە و ئەزموونی شیعریی خۆی تێدا بخاتە ڕوو. بە شێوەیەک کە زمانی شیعری «زمانێکی سرکە بە سانایی ناگیرێت، زمانێکە هەڵگری کۆمەڵێ لایەنی هونەرییە، خوێنەر بە هەستە ئاساییەکانی ناتوانێت کەشفیان بکات... یەکێک لە خاسیەتەکانی شیعری سەباح ڕەنجدەر، ئیشکردنە لە ناو زماندا.» (مەنتک،٢٠١٩،ل:٧٧)

زمان داپۆشەری بیر نییە، بەڵکوو ئەو هۆکارێکە بۆ دیارخستنی بیرۆکەی شیعری. سەرکەوتنی شاعیر تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتن لە ئەزموونەکان، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی توانا بەسەر دروستکردنی پێوەندیی زمانەوانیی نوێ لەناو ئەزموونەکەیدا. شاعیر کاتێک هەوڵ دەدات بابەتێکی شاراوە دەستنیشان بکات، ناچار دەبێت پەنا بۆ بەکارهێنانی زمانی شیعر کە زمانێکی تایبەتە، ببات. واتە شیعر، زمان دژ بە خۆی بەکار دەهێنێت. بە شێوەیەک کرداری تێگەیشتن لە دەقەکە بەپێی ئاستی ڕۆشنبیریی خوێنەر قورس و ئەستەم دەبێت. دەقە شیعرییەکانی سەباح ڕەنجدەریش بە حوکمی ئەوەی ئەزموونێکی جیاوازی هەیە لە چاو شاعیرانی پێش خۆی و هاوسەردەمی خۆی، هەر بۆیە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ئەزموونە، پێویستی بە جۆرێک لە زمانی تایبەت هەیە، بۆ ئەوەی بیخاتە ڕوو.

**تەوەری یەکەم**

**تایبەتمەندییە گشتییەکان**

بەشێک لە تایبەتمەندیی شیعری هەیە کە سەباح ڕەنجدەریش لە شیعرەکانیدا هەوڵی داوە بەرجەستەیان بکات، هەر وەک لە خوارەوە هەوڵ دەدەین هەندێک تایبەتمەندییەکان لە ڕووی بەکارهێنانی زمان و شێوازی نووسینی شیعری لای سەباح ڕەنجدەر بخەینە ڕوو:

١.بەکارهێنانی هونەری دووبارەکردنەوە: ئەم هونەرە بریتییە لە دووبارەکردنەوە و جەختکردن لە سەر واتای ئەوەی پێشتر ئاماژەی پێکراوە، واتە شاعیر جەخت لە سەر لایەنێکی گرنگی ئەو واتایە دەکات. بۆیە دووبارەی دەکاتەوە لە هەمانکاتیشدا سەرنجی خوێنەر بۆ گرنگیی بابەتەکە ڕادەکێشێت. هەروەها لە کۆتاییی هەر دووبارەکاریەکدا، واتا و مەبەستەکە تەواو کامل دەبێت. ئەگەر سەیری دەقە شیعرییەکانی شاعیر بکەین، ئەوا ئەم هونەری دووبارەکردنەوەیە بە چەندان شێوازی جیاواز بەکار هاتووە لەوانە:

١،١.دووبارەکردنەوە بە شێوەیەکی ئاسۆیی: هەر وەک لەم نموونانەی خوارەوە دیارە شاعیر سێ جار وشەی «سارد» و «وێرد»ی دووبارە کردووەتەوە، ئەمەش بۆ خستنەڕووی هێز و ئەفسوونی زمان دەگەڕێنێتەوە. هەر وەک شاعیر دەڵێت: «دووبارەکردنەوەی وشە لە یەک ڕستە و وێنەدا، نیشاندانی هێز و ئەفسوونی زمانە. هێز و ئەفسوونی زمانیش، توانا بە شیعر دەدات و لێکدانەوە بۆ ژیان دەهێنێتە بەر بینین و خەیاڵ ڕادەوەشێنێت، زمانیش توانای مانا و ماک و چییەتی لە دەقی ئەدەبییدا زیاد دەکات.» (ڕەنجدەر١،٢٠١٩،ل:١٧٤)

چیای سارده سارده سارد (ڕەنجدەر١،٢٠١٨،ل:١٢٣)

وێرد بکەن وێرد بکەن وێرد (ڕەنجدەر١،٢٠١٨، ل:١٣٧)

| | |
|---|---|
| قەڵا | قەڵا |
| قولـلە | قولـلە |
| ناخ | ناخ |
| ئەدگار | ئەدگار |

(ڕەنجدەر٢،٢٠١٨،ل:٣٩١)

٢،١.دووبارەکردنەوە بە شێوەی ستوونی: جۆرێکی تر لە دووبارەکردنە و بریتییە لە دووبارەکردنەوەی ستوونی، شاعیر لەم جۆرەشیاندا بە چەند شێوازێکی کرداری دووبارەکردنەوەکەی ئەنجام داوە، لەوانە:

١،٢،١.دووبارەکردنەوەی بە شێوەی ستوونیی یەک لە دوای یەک: هەر وەک دەڵێت:

ئێمە هەموومان بێدەنگیی خودامان نووسییەوە
ئێمە هەمووما‌ن بێدەنگیی خودامان نووسی
ئێمە هەمووما‌ن بێدەنگیی خودا دەنووسینەوە
ئێمە هەمووما‌ن بێدەنگیی خودا دەنووسین

(ڕەنجدەر٢،٢٠١٨،ل:٢١٢)

هەر وەک دیارە شاعیر چوار جار گرێی «ئێمە هەمووما‌ن بێدەنگیی خودا»ی دووبارە کردووەتەوە، لەگەڵ هەر دووبارەکردنەوەیەکدا، وێنەکە تەواو دەبێت و دەچێتە قۆناغی کۆتاییەوە. واتە لە سەرەتا بیرۆکەیەکە دواتر بەشێکی خستووەتە ڕوو، تا لە کۆتاییدا هەموو پەیامەکە و وێنەکە بە تەواوی بەرجەستە دەکات. هەڵبەتە شاعیر سوودی لە کەرەستەکانی زمان وەرگرتووە بۆ ئەوەی وێنەیەکی زەینی لای پەیاموەرگر دروست بکات. کاریگەریی وێنەکە لە ڕێگەی دووبارەکردنەوە خستووەتە ڕوو. لە شیعرێکی تریشدا شاعیر دەڵێت:

ئەو دارەی تەمبووری لێ دروست کرا
ئەو دارەی تابووتی لێ دروست کرا
ئەو دارەی پەیژەی لێ دروست کرا
ئەو دارەی فەلاقەی لێ دروست کرا
من خۆم بە چاوی خۆم بینیم
دار سکاڵای کرد و زمان لە دەمیدا شکا

(ڕەنجدەر٢،٢٠١٨، ل:٢٦٨-٢٦٩)

لێرەدا شاعیر هاوشێوەی نموونەی پێشوو، هەوڵی داوە پەیامێکی شاراوە بخاتە ڕوو. لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی چەند وشەیەک لە ئاستی ستوونیدا، بەهاو پێگەی وشەکان و ڕۆڵیان لە پێکهێنانی وێنە شیعرییەکەدا دیاری کردووە. لە شیعرێکی تریشدا شاعیر دەڵێت:

کار ئاسکێک بەرە و پاوانی من دێ و بۆنی شکۆ لە شاخەکانی بەرزدەبێتەوە

تەمەنــی بەفــری ســەرلووتکە بــە پیتــە و دەڕژێتــە باخــی نــاو و ناوبانگــەوە

پەپوولە بەتاسەوە ڕاوی بۆنی پاککردنی لیمۆ دەکات

ڕۆژ لــە ســەر ڕێگــەکان دەردەکەوێــت و دەبێتــە خەیاڵێکــی ئەفســانەیی

کار ئاسک تاریک بوو وەک هێلانەی هێلکە شکاو

(ڕەنجەدەر٢،٢٠١٨،ل:٣٣٤)

ئـەم شـیعرە لـە پێنـچ ڕستە پێک هاتـووە، بـەڵام ئـەوەی جێـگای سـەرنجە ئەوەیـە، شـاعیر هـەر ڕستەیەکی ئـەم شـیعرە لــە نێــو خشــتەیەکدا چــوار جــار دووبارەکردووەتــەوە، ئــەم جــۆرە دووبارەکردنەوەیــە لــە نێــو شــیعرەکانیدا بــە ڕێژەیەکــی زۆر بەرچــاو دەردەکەوێــت. ئەمــەش دەگەڕێتــەوە بــۆ گرنگــی پێدانــی شــاعیر بــەم هونــەرە، چونکــە دووبــارەکاری بــە لای شــاعیرەوە «دەلالەتــی بــاش بیرکردنــەوەی مرۆڤــی کارا و چالاکــە، چونکــە دووبــارە بەرهەمهێنانــەوەی جوانییــە لــە بــن نەهاتــووەکان نیشــانەی ژیانخۆشــی و بــاش بیرکردنــەوەی تاکــی چالاکــی لەنــاو کۆمەڵگــەدا. هەروەهــا بــە لایــەوە دووبارەکردنــەوەی وشــە هێزێکــی دیکــە دەبەخشــێت بــە جۆرێــک لەناخــڕا پــێ دەگاتــەوە و دەیهێنێتــە بــوون و پانتایــی کارتێکــردن. هەروەهــا بــە لایــەوە ئەفرانــدن لــە دووبارەکردنـەوەی جوانییەکانـدا پەیوەسـتە بـە فرەیـی کولتـوور و پـاراوی ئەزموونـی دووبارەکـەرەوە. دووبارەکردنـەوە جیـاوازە لــە جووینــەوە، چونکــە جووینــەوە لاســایکردنەوەیە و هیــچ داهێنانێکــی تێــدا بەرهــەم نایــەت، بــەڵام دووبارەکردنــەوە جیــاکاری و داهێنانــی لێــوە دەدۆزرێتــەوە دووبارەکردنــەوە هەمیشــە جوانیــی شــێوەنوێ دەڕژێتــە نــاو واقیعــی نووســین و جوانبەخشــی.» (ڕەنجــدەر،٢٠١٩،ل:٩٩)

ئــەوەی جێــگای ســەرەنجە ئەوەیــە، ئــەم شــێوازی دووبارەکردنــەوەی ســتوونی و لــە دوای یەکــە کــە شــاعیر لــە نێــو دەقــە شــیعرییەکانیدا بــەکاری هێنــاوە. لــە هــەر دووبارەکاریــەک چــوار جــار کــراوە ئەمــەش دەتوانیــن بڵێیــن دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــەو تێڕوانیــن و وێناکردنــە گەردوونییــەی کــە شـاعیر لـە چوارچێـوەی ئەزموونـە شـیعرییەکەی هەوڵـی داوە بیگەیەنێـت. چونکـە ئەگـەر سـەیری هێـز و کاریگـەری ژمـارە چوار بکەیـن بـە ڕوونـی بابەتەکـە بـە دیـار دەکەوێـت. بۆنموونـە زەوی ئەگــەر ســەیر بکەیــن لــە چــوار بــەش پێــک هاتــووە: باشــوور، باکــوور، ڕۆژهــەڵات و ڕۆژئــاوا، یــان ئەگــەر پێوەنــدی بــە مرۆڤــەوە ببەســتین. خــوای گــەورە دروســتی کــردووە لــە ڕووی جــۆری خوێنــەوە هەمــوو مرۆڤــەکان لــە چــوار گرووپــی خوێــن پێــک دێــن کــە بریتیــن لــە: «A,B,AB,O»، یاخــود لــە ڕووی ژیانــی مرۆڤــەوە هەمــوو مرۆڤێــک کــە لەدایــک دەبێــت بــە چــوار قۆنــاغ تــێ دەپەڕێــت، قۆناغــی یەکــەم نــاو ڕەحمــی دایــک، دواتــر ژیانــی دونیــا، قۆناغــی ســێیەم ژیــان لــە نــاو گــۆڕ تــا ڕۆژی قیامــەت، قۆناغــی چــوارەم ژیانــی ڕۆژی دوایــی (بەهەشــت یــان دۆزەخ) پێــک هاتــووە، هەروەهــا توخمەکانــی گەردوونیــان پێــک هێنــاوە، لــە چــوار دانــە پێــک هاتــوون، ئەوانیـش: «خـۆڵ، ئاگـر، بـا وئـاو» وەرزەکانـی سـاڵ: «بەهـار، هاویــن، پاییــز و زســتان»، نــاوی «اللــه» و پێغەمبــەر محەمــەد (صلـی اللـه علیـه وسـلم) لـە چـوار پیـت پێـک هاتـووە، کتێبـە ئاســمانییەکان (تــەورات، ئینجیــل، زەبــوور و قورئــان) چــوار دانــەن، هــەر وەک دەردەکەوێــت هــۆکاری دووبارەکردنــەوەی ژمــارەی گــرێ و ڕســتە شــیعرییەکان لای شــاعیر، بــێ هــۆکار و بــێ مەبەســت نییــە، هەمــووی دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــەو بینینــە گەردوونییــەی کــە لــە زەینیدایــە لــە ڕێگــەی زمانــەوە بەرجەســتەی دەکات.

٢،٢،١.دووبارەکردنــەوە بــە شــێوەی ســتوونیی پچــڕ پچــڕ: جگــە لەمــە شــاعیر لــە هەندێــک نموونــەی شــیعریدا دووبارەکردنــەوەی بــە شــێوەی پچــڕ پچــڕ بــەکار هێنــاوە، بۆنموونــە: «گونــدی گەنجینــەی منداڵیــم» لــە زێوانــدا ٤٣ جــار دووبــارەی کردووەتــەوە، هــۆکاری ئــەم هەمــوو دووبارەکردنەوەیــەش بــۆ ئــەوەی کاریگەریــی دەروونــی لــە زەینــی وەرگــر دروســت بــکات ســەبارەت بــەو گونــدەی کــە منداڵــی تێــدا بەســەر بــردووە. یــان گرێــی «پاشــاکان لــە نــاو لوولــی مــار» (ڕەنجــدەر١،٢٠١٨،ل:١٥٩-١٦٠). دوو جــار دووبــارەی کردووەتــەوە. «ئــەی ناولێنــەری هەمــوو شــتەکان» (ڕەنجــدەر١،٢٠١٨،ل:٢٠٥-٢٠٨). دوو جـار دووبـارەی کردووەتــەوە. «کتێــب چارەنــووس دادەگیرســێ دەروونــت دەگات بــە دەروشــانەوە« (ڕەنجــدەر١،٢٠١٨،ل:٢٥٩). دێرنادێرێــک چــوار جــار دووبــارە بووەتــەوە. بــەم شــێوەیە هونــەری دووبارەکردنــەوە وەک کارتێکردنێکــی دەروونیــی

شاعیر، لەنێو دەقە شیعرییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش وای کردووە ئەوەی لە زەین و نەستیدا هەیە، لە ڕێگەی ئەمەوە بیخاتە ڕوو. لە هەمان کاتیشدا کاریگەری لە سەر ئاستی تێگەیشتنی خوێنەر لە زەینیدا مسۆگەر بکات.

٢.گۆڕانی تۆبۆگرافیا: تایبەتمەندیەکی تری شاعیر لە بەکارهێنانی زماندا بریتییە لە گۆڕانکاری لە تۆبۆگرافیای شیعری لە ڕێگەی وشە و کەرەستەکانی زمان، واتە ئەم جۆرە شیعرە بریتییە لە «تێکەڵاوکردنی وشە و وێنەکێشان یان زمان و شێوەکاریی شیعری بەرجەستەکراو، گوازراوەتەوە لە گوزارشت و دەربڕینی دیدەنییەوە بۆ شێوەگەلێکی دەربڕینی دیکە، ئەمەش ئەوەمان نیشان دەدات کە بونیادێکی عەزەوی لە نێوان زمان و وێنەکاریدا هەیە بۆ بەجێهێنانی ئامانجی ستاتیکی و ئایدۆلۆژی مەبەستدار. ئەم ئامانجە دەکرێ لە هەڵوێستی شاعیرەوە بێت بەرانبەر بە هاوشێوەی و ڕزگاربوون لە هەموو جۆرە یەک شێوەی هەوڵدانێک بێت بۆ دۆزینەوەی سنوری نوێ لە نێوان وشە و وێنە و دواجار تێکشکاندنی ئەو سنوورانە.» (کەسنەزانی،٢٠١٢،ل:٣٥٥). بەم شێوەیە لادان لە شێوەی نووسین لادانە لە هەموو شێوە باو کۆنەکانی نووسین شیعر بە بەکارهێنانی هەندێک تەکنیک و گۆڕان لە شێوەی نووسین و بەخشینی ئەدگارێکی تایبەتی بە شیعر بە جۆرێک لەگەڵ زەیندا هەستی بینینش بەشدار دەبێت لە چێژ وەرگرتن و بەرجەستەکردنی ئیستاتیکای دەقەکە، واتە «شاعیر گوێ بە یاساکانی نووسین نادات، وشەکان بە چەند ڕێگەیەک دەنووسێت بە بێ هەبوونی هیچ سنوورێک بۆ دێڕ و بۆشایی و ڕیتم.» (ئەحمەد،٢٠١٣،ل:٢١٣). دروستکردنی شیعری ئەندازەیی بە وشە پەنابردنە بەر وشە بۆ دروستکردنی هۆنراوەی وێنەیی. زۆرجار شاعیر تەنیا پەنای بردووەتە بەر وشە بۆ پێکهێنانی هۆنراوەی وێنەیی، کە بە هۆی نووسینەوە جەستەی دانە ڕێزمانییەکان دروست دەکرێت، بۆنموونە شاعیر لە شیعرێکدا تییدا لە دابەشکردنی ئامرازی «بۆ» بە سەر ڕووبەری سپیایی کاغەزەکەدا شێوەیەکی تایبەت دەخوڵقێنێ. فۆرمێکی جیاوازی بەخشیوە بە دەقەکە، هەر وەک لە خوارەوە دیارە:

بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ
بۆ بۆ بۆ
بۆ

(ڕەنجدەر٢،٢٠١٨،ل:١٨٠)

نموونەیەکی تری شیعری وێنەی بەرهەم هاتووە ئەویش نووسینی هەر دوو وشەی مردن و ژیان مرۆڤ لە ناو کەوانەکاندا گفتوگۆ لەگەڵ ڕەهەندی مردن و ژیان دەکات و کەوانەکان دەبڕێت و دێتە دەرەوە ڕەهایی وێنەیی دەبەخشێت. هەر وەک لەم نموونەی خوارەوەدا دیارە:

ژیان ژیان ژیان ژیان ژیان
چەند ساڵ ژیام ژیان
چەندان ساڵی تر بژیم ژیان
ناتناسم ژیان
ژیان ژیان ژیان ژیان ژیان
...
مردن مردن مردن مردن مردن
چەند ساڵ مردم مردن
چەندان ساڵی تریش بمرم مردن
نووسینی سەر کێلی خۆم پێ ناخوێندرێتەوە مردن
مردن مردن مردن مردن مردن

(ڕەنجدەر١،٢٠١٨، ل:١٤٠)

هەروەها لە شیعرێکی تریشدا دەڵێت:

حیکمەتی وشەم تێدا بخرۆشێنە و لە شاعیرە

| |
|---|
| چاوهەڵاوگێر |
| دڵڕەش |
| بەدگۆ |
| دەروونکلۆر |

و

و

و

ەکانبمانپارێزە

(ڕەنجدەر٢٠١٨،٢،ل:٢٩١)

شـاعیر لەڕێــی تەکنیکــی خشــتە، کــە لــە شــیعرەکەدا ڕووبەرێکــی دیاریکــراوی پێــدراوە. ئــەو وشــانەی، کــە زۆر مەبەســتیەتی و زیاتــر چــاوی خوێنــەری بچێتــە ســەر، هــاو کات وەکــوو ڕۆحــی تێکســتەکەش دەردەکــەون و ئــەو دێــت و تایبەمەندیەکـی تەکنیکیـان پێدەبەخشـێت و لـە نێـو خشـتەدا دەیانخاتــە بەرچــاوی خوێنــەر، بــۆ نموونــە لــەم دەقــەدا ویســتویەتی تیشــک بچێتــە ســەر وشــەکانی: «چاوهەڵاوگێــر، دڵــڕەش، بەدگــۆ، دەروونکلــۆر». ئــەم کۆپلــە شــیعرییەی شـاعیر لەگــەڵ ئــەوەی چەنــدان تەکنیکــی جیاجیــای تێــدا بەکارهێنــاوە. دەکرێــت بڵێیــن گەمــەی زمــان زۆر دەبینرێــت. شــاعیر کەناڵێکــە زمــان لێیــەوە دەدوێــت هەوڵــدەدات لــە شــوێنی شــیاوی خۆیــدا وشــەکان دابنێتــەوە. ئەمــەش لــە پێنــاوی تەقاندنــەوەی زمانــدا دەکرێــت. بۆنموونــە لــە شــیعرێکی تریشــدا شــێوازی تــری بەکارهێنــاوە بــۆ ئــەوەی لــە پــاڵ کەرەســتە زمانییــەکان پەیامەکــەی قووڵــتر بکاتــەوە و خوێنــەر زیاتــر لــە واتایــەک لــە زەینیــدا بەرجەســتە ببێــت، هــەر وەک دەڵێــت:

پەیکەر

پەیکەر

پەیکەر

زمان لـە قسـەکردن میراتـی ئێمەیـان

ژێـر خـۆڵ کـرد

چەتر

چەتر

دەرگا

(ڕەنجدەر١،٢٠١٨، ل:١٤٣)

شـاعیر دەتوانێـت بـە هـۆی زمانـەوە بیـر بکاتـەوە. لـە ڕێگـەی زمانــەوە زەینــی خوێنــەر بجووڵێنێــت و پەیــام و بــۆ چوونـی خـۆی بگەیەنێت. بـەم شـێوەیە هەڵوێسـت وەرگرتـن لـە وشـە بەخشـینی مانـای جیـاواز بـە وشـە لـە بەرهەمهێنانـی دەقــی شــیعریدا گرنگــن. دەتوانیــن بڵێیــن شــاعیر یەکێکــە لــەو شــاعیرانەی کــە دوور کەوتووەتــەوە لــە شــێوازی لاسـایکردنەوەی شـاعیرانی پێـش خـۆی و هاوسـەردەمی خـۆی شـێوازێکی زمانــی تایبــەت بــە خــۆی پێــڕەو کــردووە، وشــەی لــە واتــا فەرهەنگیەکــەی خــۆی داماڵییــوە و واتایەکــی زەینــی بــە بــەر وشــەکان کــردووە کــە لــە ئەنجامــی بەیەکــەوە بەســتنی وێنــەکان لەگــەڵ یەکــتری وێنــە زەینیەکــە و واتــای وشــەکان ڕوونــتر دەبێــت.

٣.تێکشکاندنی پێوەندیی واتایی ڕستەکان:

تایبەتمەندییەکــی تــری شــاعیر لــە ڕووی بەکارهێنانــی زمانــەوە بریتییــە لــەوەی جێگــەی وشــە لــە شــیعرەکەیدا دیــاری دەکات «دانانــی وشــەکان و هاوتەنیشــتکردنیان پێکــەوە، دۆزینەوەیەکــە لــە دەریــای ئەزمــوون و تەکنیکــدا دێتــە ئــاراوە... ئەرکــی شــاعیر ئەوەیــە، وشــەکان پــێ بگەیەنێــت و گەورەیــان بــکات، بــۆ ئــەوەی توانــای ئەوەیــان بێــت بڕۆنــە نــاو جیهانــی شــیعرەوە بــۆ ئــەوەی وشــەکان ئــەو تواناییەیــان پێببەخشرێــت کــە بکرێــت ڕاڤــە بکرێــن و لەمانایەکــی ڕووکەشــەوە خــۆ بخزێننــە قووڵاییــی مانــاوە.» (هوژەبــری،٢٠١٢،ل:٩) واتــە پێویســتە شــاعیر توانــای ئــەوەی هەبێــت وشــەکانی نــاو هــەر دەقێــک لــە واتــا فەرهەنگییەکــەی و یاســا ڕێزمانییــەکان داماڵێــت و ئەرکێکــی جیـاواز و واتایەکـی شـاراوە و تێـدا بەدیبهێنێـت. شـاعیر لـە ڕێگــەی شــیعرەوە دەتوانێــت گوزارشــت، یاخــود دەربڕیــن لـە واقیعەتێکـی زەینـی بـکات. هێـما و کەرەسـتە زمانییـەکان لـە نـاو دەقەکـەدا وێنـا و نمایشـی واتایـەک دەکـەن، کـە لـە زەینـی خوێنـەردا بەرجەسـتە دەبێـت. واتـە هـەر ئـەم «پێدانـە زەینییـە وا لـە شـاعیر دەکات، تـەواوی هێـز و وزەی شـیعریی بارگەکــراوی خــۆی بخاتــە گــەڕ.» (ڕۆســتەم،٢٠١٩،ل:١١٧). ئەمــەش لــە پێنــاو بەرهەمهێنانــی شــیعریەتێکی ئاســتبەرز، هــەر وەک لــەم نموونــە شــیعریانەی خــوارەوەدا دیــارە:

بەرد لە ڕێزی دیوار خاوبوونەوە (ڕەنجدەر١،٢٠١٨، ل:٨٦)

بەفر هێلکەی لە بن تروواکا (ڕەنجدەر١،٢٠١٨، ل:٨٧)

ئاو ڕاپۆرتی لە کەنارەکان دا (ڕەنجدەر١،٢٠١٨، ل:٨٦)

بــە هەشــت ئاوێکــە ســووتاندمی و دۆزەخیــش ئاگرێکــە تێنوێتــی شــکاندم (ڕەنجــدەر٢،٢٠١٨، ل:٣٢٤)

هـەروەک دەردەکەوێـت شـاعیر لەڕێـی بەکارهێنانـی ژمارەی

کەمی وشەوە ئەرکی دەربڕینی هزر و هەستی خۆی دەداتە دەست کەرەستەی زمانی. بۆ ئەوەی دەقە شیعرییەکەی ڕۆڵی کاریگەری خۆی بنوێنێ لە زەین و هەستی خوێنەر. زمانی شیعری زمانێکی تەقیوە مەبەست لە تەقینەوەی زمان وێرانکردنی زمان نییە، بەڵکوو تەقینەوەی زمان واتای «ڕەتکردنەوەی دەستەواژەکان ناگەیەنێت یان داهێنانی دەستەواژەکان تەقینەوەی زمان واتە دروستکردنی پێوەندیی نوێ لە نێوان وشە و وشە، وشە و شتەکان هەروەها وشە و خوێنەر.» (و:عەبدوڵڵا،٢٠٠٥،ل:٣٠) واتە لە ئەرک و واتای ئاساییی وشە و ڕستەکان لادەدا و ئەرک و واتای تر لە وشەکان بار دەکات. بەم شێوەیەش شاعیر ئیش لەگەڵ واتای دەقەکە دەکات و لە پاڵ واتای ڕووکەشیی دەقەکە واتایەکی شاراوە دەگەیەنێت. هەر بۆیە لەم چەند دیڕە شیعرانەی سەرەوەدا شاعیر لە ڕووی هەڵبژاردنی وشەکان و پێوەندی نێوانیان نەگونجان لە ڕووی واتا و لە ڕووی ئەرکی ڕێزمانییەوە دروست بووە، بەمەش جۆرێک لە لێڵی واتایی بەخشیوە و خوێنەر لە ئەنجامی خوێندنەوەیدا واتایەکی نوێ جیاواز لە واتای وشەکان لە زەین و خەیاڵیدا دروست دەبێت. هەروەها لە چەند دێڕە شیعرێکی تریشدا شاعیر ڕووداوێک دەداتە پاڵ بکەرێکی نەگونجاو، بۆ نموونە کارێک کە دەبێ بکەرەکەی مرۆڤ بێت شاعیر بیداتە پاڵ شتێکی بێگیان لەم دەقەدا ئەو شێوەی دانەپاڵەش پێرەوکراوە و بەمەش بنیادی داماڵینەکە پتەوتر بووە بۆ نموونە دەڵێت:

کات دڵی شین و مۆر بووە
ڕابردوو بنوو
داهاتووش
تا ئێستا بە تیژی ڕەت دەبێت

(ڕەنجدەر٢،٢٠١٨، ل:١٨٩)

پەنجەرە دەمە بۆڵەیەتی
بۆنی ژوورەوە و بۆنی باخچەی بۆ تێکەڵ ناکرێت

(ڕەنجدەر٢،٢٠١٨، ل:١٩٠)

مێژوو لە ناو خوێنمان نەرم نەرم پێدەکەنێ و دەنگی خۆش نییە

( ڕەنجدەر٢،٢٠١٨، ل:٣١٧)

ئەو ڕستانە لە ئاستی ڕێزماندا تەواون، بەڵام لە ئاستی واتادا ناتەواون. شاعیر لە شیعرەکانییدا گەمە بە زمان و وشە و ڕستەکان دەکات هەوڵدەدات زمان لە ناو شیعردا «زمانی ڕەهابوون و تایبەت بێت شیعر لە پێناو زماندا دەنووسێت نەک زمان لە پێناو شیعردا. ئەمەش نهێنیە سەرەکیەکانی بوونی شیعری شاعیرن. شاعیر دەیەوێت ئازادییەکی ڕەها بۆ گەمەکردن و دارشتنی وشە بۆ خۆی برەخسێنێ ئەم ئازادیەش بە یاخیبوون لە هەموو یاسایەکی زمانەوانی دەبێت. بۆیە بۆ ئافراندنی داهێنان دەست بە گەمەکردن لەگەڵ زماندا دەکات.» (مەنتک،٢٠١١،ل:١٠٦). بەم شێوەیە وشەکان بە شێوەیەکی پەرتەوازەیی بەکاردەهێنێت و لە ڕووی لۆژیکیەوە وشەکان پێوەندیان لەگەڵ یەکتردا نییە، بەڵام لە ڕووی واتای ژێرخانەوە واتاکەی بە دەست دەهێنرێت. واتە شتێکی ماقووڵ و عەقڵانی لە لای شاعیر دەبێت بە ناماقووڵ و ناعەقڵانی. زمانی شیعری نێو ئەم دێڕە شیعرانە تەمومژی زۆری پێوە دیارە. خوێنەری ئاسایی زۆر زەحمەتە پەی بە واتای دێڕەکان ببات. ئەم جۆرە بەکارهێنانەی زمانی شیعری لە نێو شیعرەکانی ئەم شاعیرە بە درێژایی ئەزموونی شیعریدا دووبارە بووەتەوە.

٤.بەکارهێنانی شێوازی کتوپڕی: مەبەست لە ڕەگەزی کتوپڕی لە شیعردا بریتییە لەو «کاریگەرییەی کە دەق، یاخود بەشێک لە دەق بەجێی دەهێڵێت لە ئاگایی و هۆشی خوێنەردا ئەویش بە هۆی ئەو لە هێڵ دەرچوونانەی کە بە شێوازی جۆراوجۆر لە دەقدا ڕوو دەدەن و زەینی خوێنەر ڕادەچلەکێنن و کار لە سەر دەروونی دەکەن.» (حسێن،٢٠٢١،ل:٣٧٩) بەم شێوەیە بێت خوێنەری ئەم دەقانە کەمن، چونکە تێگەیشتن لەم دەقانە ئەستەمە. بۆیە هەموو خوێنەرێک ناتوانێت لە واتای شاراوەی پشت دەقەکان شارەزا بێ و تێبگات. لە لایەک تریشەوە بە هۆی تێکەڵ کردنی بابەتی جیاواز بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و نەگونجانی بابەتەکان لەگەڵ یەکتر لە هەندێک حاڵەتدا ئاستی تێگەیشتن لە دەقەکان زەحمەتتر دەکات. چونکە «نووسین بە بێ ئیرادە و ویستی شاعیر و بە دوور لە کۆنترۆڵی عەقڵ» (داد،١٣٩٥،ل:٣٠٨). هەر بۆیە خوێنەر لەم جۆرە شیعرانەدا هەست بە تێکشکانی زمان دەکات

و واتایی شیعرەکان تەنیا لە ڕێگەی بە یەک بەستنەوەی وێنەکان دەتوانرێت لە زەینی بەرجەستە ببێت، چونکە لە کاتی خوێندنەوەی دێڕەکان خوێنەر ناتوانێت پێشبینی بابەت و دێڕی دواتر بکات. بابەتی ئەم جۆرە شیعرانە تێکەڵ و نابەرجەستەن سەرچاوەکەی لە ناخ و دەروون و زەینی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێت. هەر وەک لە شیعری «ئاماژەیەکی نیوە ئاشکرا» دەڵێت:

زەمین ڕووناکی لێ

کوژاوەتەوە و سروشتێکی هەڵچووی هەیە

...

بە دیار مەقەڵەیەکی پڕ ڕەژووی ژنێکی بێشکە فرۆش

گەواهیم بۆ گۆرانی ئادەم دا

مانا و ئاوازی نەوەکانیەتی

...

ئێستام لە خۆی پرسی

ڕابردووم لە خۆی پرسیوە

داهاتووم لە خۆی دەپرسی

بەو هۆیە بژی و بە زەوی ڕازیبە

...

لە هەوارێکی لە سەر شارە مێرووڵە ڕۆنراو نیشتمەوە

هاتووم دوا سەرنج بدەم و بەو هۆیەوە بژیم

(ڕەنجدەر،٢٠٢٠،ل:٥٠-٥٢)

هەر بۆیە دەگوترێت «زەین و نائاگایی و شەپۆلەکانی مێشکی شاعیر ئەندازیاری پشت دەقەکەن... شاعیر تێیدا زمانی وەک فاکتەرێکی گرنگ خستووەتە گەڕ و لەوێوە هێما و ئاماژە دەروونییەکانی بەرجەستە کردووە... شیعر ئامرازێکە بۆ ئەو مەعریفەیەی کە ئەستەمە لە ڕێگەی عەقڵەوە بگەین. بۆیە پەیام و ڕوئیای ئاشکرای هەیە، کە لە ڕێگەی واڵاکردنی مەعریفەی زەینی و کۆگای نائاگاییەوە ئۆتۆماتیکیانە دەخرێنەڕوو.» (حسێن،٢٠٢١،ل:٢٧١-١٣٣).

بە شێوەیەکی گشتی، شیعرەکانی ئەم واتایانە دەبەخشن کە خوێنەر دەیانداتێ، بابەتی نا ئاسایی زەینی و نابەرجەستەن . لە کاتێکدا وێنەی شیعری لە ڕێگەی زمانەوە پێوەندی لەگەڵ خوێنەر دروست دەکات. لێرەدا شاعیر ئەو چەقەی شکاند و کردی بە شێوازی ڕەگەزی کتوپڕی لە وێنەیەکەوە باز دەداتە سەر وێنەیەکی تر، بەڵام بە وردبینییەکی زۆرەوە و هێڵێک دەهێڵێتەوە بۆ نزیککردنەوەی وێنەکان لەم بارەیەوە دەڵێت: «جۆرێک پەرتی و بایەخنەدان بە یەکیتی بابەتم وەک ڕەگەزی کتوپڕی پێڕەو کردووە، ئەم هونەرەش لە شیعری کلاسیکی کوردیەوە فێربووم. لە شیعری کلاسیکی یەکێتی بابەت نییە، بەڵکوو یەکێتی دێڕ هەیە من ئەم یەکێتی دێڕەم گۆڕیوە بۆ یەکێتی وێنە.» (ساڵح،٢٠١٦،ل:٨).لە کۆپلەیەکی شیعریدا دەڵێت:

گەڕانەوەی خەیاڵ

کردنەوەی پەنجەرە

وڕێنەی زەوی

دڵپاکی مانگەشەو

منیان کرد بە قەقنەس

بە باڵەکانم ئاگرم جوان کرد

گەشتەوەرەکان بە دەوریەوە دانیشتن

گەردوون ڕووی خۆش بوو

ئومێدی دامێ

پەرداخێک خوێنی گێلاس چاوەڕوانم دەکات ببمە برادەری

(ڕەنجدەر١،٢٠١٨،ل:٦٧)

لێرەدا پەرتەوازەیی ڕستە کە پەرتەوازەییی وێنەشی لێ کەوتووەتەوە، لەم جۆرەیاندا واتای ڕستەیەکی شیعری لەگەڵ ڕستەی پێش و دوای خۆیدا کەمتر پێوەستن بەیەکەوە و بەئەندازەی کەمتر، لۆژیکی لێکنزیکیان تێدایە. بەوەیش دێڕەکان دەبن بە وێنەیەکی کورت. لە سەر ئاستی ژێرخان دەقەکە بە گشتی وێنەیەکی زەینی دەدات و ڕەنگدانەوەی نەست و دەروونی شاعیرە و لە جیهانی ناوخۆیی و ناخی شاعیرەوە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەڵقووڵاوە. سەلمێنەری ئەوەیە کە دەقەکە واقیعێکی جیاوازە و زەین و دەروونی شاعیر دروستی کردووە و ڕەنگدانەوەی باری دەروونی ئەون لە بەر ئەوەی وێنەکان لە قووڵایی نەستی شاعیرەوە هەڵدەقووڵێن ڕێک ناخرێن و بەپێی ڕیزبەندی و پێوەرێکی لۆژیکی ڕیزناکرێن.

٥. بەکارهێنانی ڕستەی کراوە: شێوازێکی تری بە کارهێنانی زمان لە ڕووی سینتاکسەوە ئەوەیە کە ڕیزبەندی

سینتاکسی زمانی کوردی هەڵدەوەشێنێت و مانای کەرەستە پێکهێنەرەکانیش بە سەر پانتاییەکی بێ سنوور پەرتەوازە دەکات و بۆ خوێنەری جێدەهێڵێت وەک لەم شیعرە دیارە:

ئەی مۆزەخانە و شەمێ و مۆمی

ڕسکان و

خەملین و

تاج و

فەنەر

کاتی هاتووە دەشتاییەک کە خاوەنی کلیلەکانی دونیایە

(ڕەنجدەر،٢٠٢٠،ل:١٥)

هەروەهـا لـە کۆپلەیەکـی تـردا شـاعیر ڕسـتەیەکی لـە چوارچێـوەی دوو دێـڕدا بـە کارێـک بـە یەکـەوە بەسـتۆتەوە، لـە هەمـان کاتـدا ڕسـتەیەکی بـە شـێوەیەک بـە هـۆ نـاوەوە فـرەوان کـردووە دواتـر لـە کۆتاییـدا کارێـک بـە یەکەوەیـان دەبەسـتێتەوە، هـەر وەکـوو دەڵێـت:

درەختی کۆچەر ماچی نەرمی

پێی باڵندەی وێڵ دەکات

پەلکەزێڕینە لە

پۆپیتەی کەڵەباب و

زەنگۆڵە و

گومەز و

خولیا جووڵایەوە

(ڕەنجدەر،٢٠٢٠،ل:٦٥)

یان دەڵێت:

سووری ئیرەیی کورتە و گیانی وەنەوز دەدات

ڕەنجی سەرکێشیش

چاو و

باڵ و

یادگاری و

تاسە

لە خانەی لە شی زەوی دەچێنێ

(ڕەنجدەر٢،٢٠١٨.ل:٢٢٢)

لـەم سـێ کۆپلەیـە و دێڕەکانـی پێشـتر و دواتـردا شـاعیر پـێ لـە یاسـا ڕێزمانـی و واتاییەکانـی زمـان دەنێـت. سـنوورەکانی نـاوەوە دەرەوەی زمـان تێکدەشـکێنێت، وەک دەبینیـن لـە هەنـدێ دێـڕدا دوو وشـە هەیـە، کـە جگـە لـەوەی واتاکانیـان یەکـتر تـەواو ناکـەن لەگـەڵ ئەوەشـدا بنەمـای پێکهاتەکانـی ڕسـتە لـە زمانـی کوردیـدا دەردەچـێ و بـەم هۆیەشـەوە ئاڵـۆزی زمانـی هێناوەتـە بـوون. لـە سـەر ئـەم شـێوازە نابـاوەی بـەردەوام دەبێـت و تـا دەگاتـە ئـەو ئاسـتەی ڕێنووسـی زمـان و ژمارەکانیـش لـە ڕێکەوتێکـی مێژووییـدا تێکـەڵ بـە یەکـتری بـکات و سـڵ لـە هیـچ جـۆرە دارشـتنەوەیەک نەکاتـەوە. کاتێـک دەڵێـت:

لەو خانووەی تێدا لەدایکبووم

بە خوێنی ناوکبڕینم نووسیان ١٩٦٥/١١/١٨

(ڕەنجدەر١،٢٠١٨،ل:١١٩)

...

ڕستەی لە ساماڵ و خوانی بێدەنگ ڕاماوم بۆ کام ناو بەکاربهێنم

٨/١٢/٢٠١٢ عەباس سابیر حەسەن

گەرمایی دەستی لە ناو دەستم ساردبووەوە

(ڕەنجدەر٢، ٢٠١٨،ل:٤٠٦)

یان هەواڵی جێگۆرکێی سەباح سابیر حەسەن

١٩٦٥/١١/١٨-٢٠٤٥/١١/١٨ (ڕەنجدەر٢،٢٠١٨،ل:٤٢١)

شـاعیر لـەو بڕوایەدایـە کـە «شـیعر لـە منداڵدانـی زمانـدا گیانـی دێتـە بـەر و هێـزی ڕاسـتەقینەی شـاعیر لـەو زمانەدایـە کـە شـیعریەتی تێـدا ئاشـکرا دەکات، نـەک لـەو زمانـەی ژیانـی ڕۆژانـەی پـێ بەڕێـوە دەبـات. بـۆ شـیعر سـەرکەوتن و دابەزیـن بـە پەیـژەی زمانـدا گرنـگ نییـە، بەڵکـوو نووسـینەوەی نۆتـەی زمـان گرنگـە هـەر لـەو بەستێنەشـدا تەوزیفکردنـی زمـان بەومانایـە دێـت کـە زمـان بەکاردەهێنرێـت و بـە خەبـەر دەهێنرێتـەوە، تـا ئـەوەی ببێـت بـە ڕووداو و ڕووداویـش ببێـت بـە دەق.» (خەیـات،٢٠١٩،ل:٩٥) بـەم شـێوەیە بنیاتـی ڕسـتە شـیعرییەکان ناتـەواون بەپێـی سیسـتەمێکی ڕێـک و ڕێزمانـی دروسـت نەبـووە. بۆیـە واتایـان دیـار نییـە ڕێکخسـتنی ڕسـتە بـە شـێوەیەکی نائاسـایی و حەزکـردن لـە بەکارهێنانـی ڕسـتە کـراوەکان وەک ئـەوەی ڕسـتەیەک لـە چەنـد ناوێـک یـان ئاوەڵناوێـک پێکهاتبـێ لـە کۆتاییـدا فرمانێـک بـە یەکتریـان ببەسـتێتەوە. موفرەداتـەکان دەکاتـە کەرەسـتەی زەینـی و دەروونـی. واتایەکـی جیاوازتـر

لە واتا فەرهەنگییەکان لە زەینی خوێنەر بەرچەستە دەکەن چونکە دێڕەکان بە هەمان لۆژیکی ڕێزمانی و واتایی دروست نەکراون، کە بە درێژایی مێژووی خۆی زمان کاری پێکردووە. یاسای سینتاکسی و وشەسازی بەرە و شپرەزە کردن بردووە. ئەرکی زمان لای شاعیر لەوە قووڵترە تەنها گوزارشت بێت ڕیزبوونی کەرەستەکانیان نارێزمانین و بە چەند وشەیەک لە چەند دێڕێکی جیاواز ڕستەیەک تەواو دەکەن زۆرجار کارێک بە یەکەوەیان دەبەستێتەوە هەندێک جاریش بێ کار لە دوای یەک ڕێز کراون. هەر بۆیە سەباح ڕەنجدەر وەک داهێنەرێکی بە توانا و خاوەن ئەزموون توانی حاڵەتی ڕووکەشی زمانی وەرگێڕێ بۆ حاڵەتی قووڵبینی. بۆیە لایەنە زەینی و ناخود ئاگا و هۆشەکیەکان ڕۆڵیان پێدراوە ڕستە شیعرییەکان لە سەر ئاستی ئاسۆیی و ستونی کار ناکەن، یاخود دەکرێت بانگهێشتی ئازادە واتا و مەدلولەکان (تداعی الحر) بێتە گۆڕێ کە تێیدا شاعیر لە ڕێگەی وێنەی ئاماژەییی کار لە سەر تەداعی زەین و ناعەقڵانی خوێنەر بکات. (حسێن،٢٠٢١،ل:٢٧٢-٢٧٣).

**تەوەری دووەم**

**تایبەتمەندییە خودییەکان**

بەشێکی تر لەو تایبەتمەندییە زمانییانەی کە لە بەرهەمە شیعرییەکانی سەباح ڕەنجدەر دەکەوێتە بەر چاو، ئەویش بریتییە لەو تایبەتمەندییانەی کە تایبەتە بە خۆی و لای شاعیرانی تر بەرچاو ناکەوێت، ئەوانیش بریتین لە:

١.بەکارهێنانی نیشانەی بیرکاری: یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی شیعری شاعیر بریتییە لە بەکارهێنانی نیشانەی بیرکاری وەک لەم کۆپلە شیعرەدا دیارە، دەڵێت:

باوکم کەم دایکم باوک و دایکم

برایەکانم کەم خوشکەکانم براو خوشکەکانم

خۆم کەم خۆم زۆربوونی باڵندەکانی خزمی دایک و باوکم

(ڕەنجدەر١،٢٠١٨،ل:١٣١)

هەر وەک دیارە شاعیر نیشانەی کەمکردنی لە نێوان ئەندامەکانی خێزانەکەی بەکارهێناوە، کە تێیدا پەیامێکی شاراوەی تێدا خستووەتە ڕوو. ئەویش لە دەستدانی باوک و سەرۆکی خێزانەکەی و نیشاندانی بارودۆخ و گوزەران و ژیانی سەخت و پڕ مەینەتی ئەندامانی خێزانەکەی بە تایبەت منداڵ لە کاتی لە دەستدانی باوک ئاماژە پێکردووە. هەروەها دایک لەم کاتەدا ڕۆڵی دایک لە لایەک و ڕۆڵی باوک دەبینێت بۆ منداڵەکانی، هەروەها لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

کات بە گرانی هەناسەدەدات

لە کاتی خۆمدا دەخەوم و چوار هێما کۆ دەکەمەوە

—+ × ÷

(ڕەنجدەر، ٢٠٢٠،ل:٦٣)

لێرەدا شاعیر نیشانەکانی وەک خۆی بەکارهێناوە وەک نموونەی پێشووتر بە نووسین نەینووسییە، هەر وەک دیارە شاعیر شارەزایی لە کرادەکانی بیرکاری هەیە، کە کامە یان پێش کامەیان ئەنجام دەدرێت، لە کۆپلە شیعرێکی تریشدا وشەی ژیان کەمی خۆی دەکات لە ڕێگەی ئەم هاوکێشەیەوە هەوڵدەدات بە کەمترین وشە واتایەکی فرەوان لە زەینی خوێنەر بەرجەستە بکات، هەر وەک دەڵێت:

ژیان - ژیان= ئەی کۆتری دەبەنگی

(ڕەنجدەر١، ٢٠١٨،ل:١٤٣)

بەم شێوەیە دەردەکەوێت شاعیر لە نێو دەقە شیعریەکانیدا تەنیا ئەم سێ کۆپلە شیعریەی هەیە، کە تێدا سوودی لە نیشانە و هاوکێشەی بیرکاری وەرگرتووە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی.

٢.بەکارهێنانی زمانی تەلەگرافیانە: شێوازێکی تر لە بەرکاهێنانی زمان لای شاعیر بریتییە لە چڕی و کورتبڕی لە ڕستەدا. زمانی تەلەگرافیانە زمانێکی تایبەتە کە زۆرجار خوێنەر دەترسێنێت و ئارامیی خوێنەر تێکدەدات. بە شێوەیەک هەندێکجار ڕستەکان لە وشەیەک یان دوو وشە زیاتر نین. دەق پڕە لە نیشانەی سەرسووڕمان و هەر چۆنێک بێت خاڵبەندی ڕوونکەرەوە و دەرخەری پەشێویی نووسەر و شێواوی دەقە. (حوسێن،نازم،٢٠١٨،ل:٢٣٢) ئەم شێوازە لە بەکارهێنانی زمان لە ئەزموونی شیعری

شاعیردا هەر لە سەرەتاوە ڕەنگی داوەتەوە وەک لە بەشی هەشتەمی دەقی زێواندا بەرچاو دەکەوێت کاتێک تەنها دێڕێک گوزارشتی لە بابەتێکی گەورەی وەک پرسی (جەللادبوون) کردووە و دەڵێت:

گیانلەبەری دڕندە و جەللاد ئاوی تۆفانیان خواردووەتەوە

(ڕەنجدەر١،٢٠١٨/ ل:٦٩)

شاعیر لە ڕێگەی فەنتازیای زمانەوە توانیویەتی خەیاڵێکی فرە ڕەهەند لە بۆتەی یەک دێڕ شیعردا کۆ بکاتەوە ئەمە بە دەر لەوەی دێڕە شیعریەکانیشی تریشی لە تەواوی پێکهاتەی دەقە درێژەکانی شاعیردا هەڵگری هەمان خەسڵەتی زمانی تەلەگرافیین. بۆیە ئەم جۆرە لە ڕێکخستنی زمان لە چوارچێوەی تەکنیک و شێوازی شیعریدا «بەرجەستەکردنی ئەو جیهانە بە بێ خاڵ بە بێ وێرگول بە بێ مەسافەی نێوان وێنەکان بە بێ سپێتی بە بێ پەنجەرە و دەرگا جیهانێکی سیخناخە بە خودی خۆی.» (مەلا،٢٠٢١) واتە تایبەت بە خودی شاعیر خۆی هەر وەک لە «ساڵی سفر»دا بەر زۆرێک لەم شێوازە دەکەوین:

لە هەموو شوێنێک کوشتن و خۆکوشتن و هەناو سووتاندن هەیە

(ڕەنجدەر١،٢٠١٨،ل٢٠٦)

شاعیر لە ڕێگەی ئەم زمانە تەلەگرافیەی لەم دێرە شیعرە بەرجەستەی کردووە دەیەوێت ئەوە بە خوێنەر بگەیەنێت، ئەو سەرزەمینەی بووەتە شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤ هەموو شوێن و کونجێکی ئەم جیهانە هاوشێوەی یەکن، هەمان دۆخی کوشتن و خۆکوشتن و هەناو سووتاندنی تێدایە.

بەهەشت دڵبەرێکە جوانیەکی سادە و گەرم و پڕ جوولەی ڕژاندووە

(ڕەنجدەر٢،٢٠١٨،ل:٤٠٨)

ئەو تەلەگرافیبوونەی زمانی شیعری بە لای سەباح ڕەنجدەرەوە، لەو ڕوانگەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێی وایە «شیعر لە منداڵدانی زماندا گیانی دێتە بەر و هێزی ڕاستەقینەی شاعیر لەو زمانەدایە کە شیعریەتی تێدا ئاشکرا دەکات نەک لەو زمانەی ژیانی ڕۆژانەی پێ بەڕێوە دەبات.» (سدیق،٢٠١٠،ل:١٣٦). دیسانەوە شاعیر لەم دەقەوە بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە خەمی ئەوەدایە زمان بباتە ئاستێکی ئەوتۆوە، کە تێیدا شێوازی ئەزموونکراوی خۆی بەیان بکات ئەمەش چونکە «زمان ڕۆڵێکی کاریگەری لەسەر بونیادی عەقڵی و فیکری بەجێ دەهێڵێت لەناو خودی زماندا خەیاڵ و تەکنیک و ئیستاتیکا بەردەوام ئامادەگی هەیە.» (ڕۆستەم،٢٠١٩،ل:١٢٧) جگە لەمانە، چەندان نموونەی هاوشێوە لەنێو دەقە شیعرییەکانیدا بەدی دەکرێت لەوانە: «کات کۆیلەی ڕووداوە، بەختیاری خدری زیندەیە، خەون بۆ من چی تێدایە، خەون بۆ تۆ چی تێدایە، گیانلەبەری دڕندە و جەلاد ئاوی تۆفانیان خواردووەتەوە، هەور ژوورێکی شێدارە بارانی تێدا زیندانی کراوە، تەنیای کفنێکی گوڵڕەنگە، سێشەممە سەر و ڕدێن تراشین پەسندنییە، ئاو لە باوەشی خاک نەبێ نازانێ بخەوێ، سرووشت گۆرانیبێژێکی درۆزنە بۆ هەموو وەرزەکان گۆرانی دەڵێت، تەرمێک لەسەر شۆستە پاکەت دەفرۆشێ، کەس خەون بۆ کەس نابینێت، بەختەوەری کلیلێکە لە ناو قوفلی دەرگاکەیدایە، مردن شکۆی ڕووناکییەبە سەر زەویدا ڕژاوە، تاوە باران سزای باڵندەیە، کتێب گۆمێکی مەنگ نیەبەردێکی هەڵدەیە ناوی باری دەروونی بشڵەژێ،درەخت بە تەپوتۆز ناخنکێت، مرۆڤ تاڤگەیەکی ڕژاوەڕووە و ڕووبارێکی درێژ، هەتاو بێ سێبەر هیچ ڕێزیکی نیە، سێبەر و هەتاو دوو دیکتاتۆرنیەک ئەویتر لە ناو دەبات، ئادەم لە دایکێک نەبووە و ناوکی نەبڕاوە.،خوداوەند دەستەکانی وەک تەرازووی بێباک ڕاگرتووە، مردن جارێکە و شیوەن حەفتەی حەفت ڕۆژ و شەوێک، لە سەر پشتی کەرکەدەن ژیان کورتە، خۆریش ئاوا دەبێ پاش پێڵوو داخستن پەشیمان دەبێتەوە، بەهێزترین کەس لە هەموو کەس تەنیاترە، زەویش تەخت نیە هاوشێوەی مرۆڤە، ڕەگ نازناوە بۆ لک و چڵ، درەختی ئادەم و حەوا درک ناگرێ، شارێک لە بیرەوەریدا خوێنی ناو برینی دەردەکەوێ.»

٣.دانانی خاڵ لە جیاتی پیت و وشە: تایبەتمەندییەکی تری شیعرەکانی شاعیر ئەوەیە کە لە جیاتی کەرەستە زمانییەکان خاڵی داناوە ئەمەش بۆ ئەوەی زەینی

خوینــەر تێــدا بەژداربێــت لــە دارشــتنی جــۆری خەونەکــە و بەشــداریپێکردنی خوێنــەر. بــۆ ئــەوەی بەپێــی ئەزموونــی خــۆی وێنەیــەک لــە زەینــی خــۆی دروســت بــکات. هــەر بۆیــە کردنــەوەی دوو کەوانــەی بــە قــەد یــەک، نیشــانە و هێــمای دیــاری بــوون و نادیــاری خەونەکەیــە «ئــەو هاوکێشــەی شــاعیر دروســتی کــردووە، لەنگــەری هــەر دوو خەونەکــەی پــێ ڕاگرتــووە، گومــان و دڵنیاییبــوون، کردنــەوەی کەوانــەی یەکــەم دەرنەخســتنی و واڵاکردنــی بــۆ ســەر هــی دووەم داخســتنی کەوانــەی دووەم تێکەڵبوونــی هــەر دوو حاڵەتەکــە بەشــداریکردنی هــەر زینــدە خەونێــک، بــەڵام دانانــی پێنــچ خــاڵ بــۆ هــەر دوو حاڵەتەکــە بەشــداریکردنی هــەر پێنــچ هەســتی مرۆڤــە لــە تەعبیرکردنــی خەونەکــە بــە هــەر دوو مەودایەکەیــەوە دیــار و نادیــار.» (غەمبــار،٢٠٠٨،ل:٣٤). ئــەم کارەش یاریەکــی هونەرییــە مەغــزاو جەوهــەری تایبەتــی فیکریــی شــاعیر بەرجەســتە دەکات.هــەر وەکــوو دەڵێــت:

منداڵەکانی ڕۆژهەڵات

چوونەتە گەشتی نووستن

لەم خەونەدا بە چی دەگەن

(.....)

دایکیان پێڵووی گەرم لێک دەدەن

...

چرام لە ژێرتابلۆ داگیرساند

جغارەی یەزدانی کڕی

(.....

.....)

...خەونی ناو ئەو هەموو دروشمانە

ئەگەر هەبێ دەبێ چی بێت

(.....

.....)

(ڕەنجدەر١،٢٠١٨، ل:١٥٧-١٥٨)

٤.هەڵوەشــاندنەوەی وشــە بــۆ پیــت: هەمــوو ئــەو گۆڕانکارییانــەی لــە ڕووی فــۆرم و شــێواز و بابــەت دەکرێــن بــە شــێوەیەک لــە شــێوەکان گۆڕانــکاری لــە زمــان دروســت دەکــەن، چونکــە زمــان هــەم خــۆی جەوهــەری شــیعرە و هەمیــش دەربــڕی هەمــوو ئــەو توخــم و ڕەگــەز و بوونانەیــە، کــە لــە نــاو شــیعر دادەمەزرێنرێــن. شــاعیر لــە شــێوازێکی نوێــی بــە کارهێنانــی زمانــدا توانیویەتــی فۆرمــی شــیعر بــە تــەواوی بگــۆڕێ و جۆریــک لــە هەماهەنگــی لــە نێــوان فۆرمــی شــیعر و واتــای شــیعر دروســت بــکات. ئەمــەی زۆرتــر لــە شــێوازی نووســینی هــەر دوو وشــەی ژیــان و مــردن بەرجەســتە دەبێــت. دەیــەوێ پێــمان بڵــێ ژیانمــان لــە ســەر هێڵێکــی ئاســۆیی دەڕوات و پارچــە پارچــە و بــەش بەشــە و بــەرز و نزمــی زۆری تێدایــە، کــە ئەمــەش یاســای ژیانــە پڕیەتــی لەخۆشــی و ناخۆشــی بــە هەمــوو حاڵەتــەکان ژیــان هــەر بەردەوامــە لــە کۆتایــدا تــەواو دەبــێ و تەواوکــەری مردنــە بــە ســتوونی پیتەکانــی هەڵوەشــاندووەتەوە وەک ئاماژەیــەک بــۆ چەمکــی مــردن کــە لــە زەینــی هــەر تاکێکــدا بوونــی هەیــە ئەویــش دوای مــردن مــرۆڤ دەخرێتــە نــاو گــۆڕ و ژێــر خــاک، کــە وردە وردە بــە هۆیــەوە دادەرمێــن و نامێنیــن. هــەر بۆیــە وشــەی ژیانــی بــە شــێوەیەکی ئاســۆیی و وشــەی مــردن بــە شــێوەی ســتوونی هەڵوەشــاندۆتەوە هــەر وەکــوو دەڵێــت:

لە چوار ڕیان هەشت پیتی ژیان و مردن

بەهەشت دەنگ بانگیان کردم

ئێسکبەندی دەنگەکان هەڵوەشانەوە

ژ یـ ا ن

م

ر

د

ن

(ڕەنجدەر١،٢٠١٨، ل:١٣٩)

...

ئاگادارایەک لە شەقامی

ژ یـ ا ن

م

ر

د

ن

(ڕەنجدەر١،٢٠١٨، ل:١٤٢)

هەروەهــا جگــە لەمــە شــاعیر وشــەی «منداڵــی» بــە شێوەیەکی ســتوونی هەڵوەشــاندەوە. هــەر وەک ئــەوەی پێــمان

بڵێـت کـە نەهامەتییەکانـی خـۆی لـە سـەردەمی منداڵییـەوە دەسـتی پـێ کـردووە و منداڵـی بـەش بـەش بـووە و نەیتوانیـوە وەک هـەر منداڵێـک سـەردەمی منداڵـی خـۆی بـە خۆشـی بـە سـەر ببـات. توشـی چەنـدان ڕووداوی ناخـۆش بـووە، واتـە ونبوونـی منداڵـی. لێـرەدا تـەواو هەسـت بـەو هەناسەساردی و پـڕ کەسـەرەی شـاعیر دەکەیـن کـە بۆمنداڵـی هەڵدەکشـێ، هـەر وەک دەڵێـت:

م مشتومڕی ئاهەنگی برایەکانم لە گەرمی ئاوسارد بووەوە

ن نەگەیشتمە ناولێنانی ئاو

د دەسـتی میراتـی ئـاو دەگـرم و دەرژێمـە لەشـتان ئـەرێ ئـاو بڕژێمـە کـوێ

أ ئاوارەیی لە چۆڵایی ئاو ئاسۆیی لێنەکەوتەوە

ل ﻟ هەڵخەڵەتاوتریـــن ئاشـــقی ئـــاوە بـــە مژێـــک هەڵـــی دەلووشـــێ

ی پێوەنـدی نێـوان مـن و دایـک و باوکـم و داپیـر و باپیـرەم و حـەواو ئـادەم

(ڕەنجدەر١،٢٠١٨، ل:١٠٥)

بـــەم شـــێوەیە تاقـــە دەنگەکانیـــش گرنگـــی خۆیـــان هەیـــە لـــە ئیســـتاتیکای فـــۆرم و واتـــادا. بـــە تایبەتـــی کاتێـــک بەرجەســـتە دەکرێـــن و بـــە تەنهـــا دەنووسرێـــن. بۆیـــە «ناکرێـت تەنیـا لـە ڕیزبوونـی ئاسـاییی دەنـگ و وشـەکاندا بـە دوای واتـای دەقەکـە بگەڕێیـن. بەڵکـوو هەمـوو دەنـگ و وشـەکان لـە ریزبوونـی ئاسـۆیی و ستوونیشـدا پێوەنـدی واتایـی دروسـت دەکـەن. بەهـای ئیسـتاتیکی دەقەکـە بەردەوامـی زیاتـر دەکـەن.» (عەبدوڵـڵا و عیسـا،٢٠٢١،ل:٧). واتـە دەقـی شـیعری زمانێکـی چـڕی هەیـە، لـە بـەر ئـەوە لـە شـیعردا هەمـوو پیتێـک مەبەسـتە و ناکـرێ هیـچ پیتێـک پشـت گـوی بخرێـت. بـە تایبـەت کاتێـک کـە بەرجەسـتە دەکرێـن و بـە تەنهـا دەنووسرێـن. بۆیـە ناکرێـت تەنهـا لـە ڕیزبوونـی ئاسـایی دەنـگ و وشـەکاندا بـە دوای واتـای دەقەکـە بگەڕێیـن، بەڵکـوو هەمـوو دەنـگ و وشـەکان لـە ڕێزبوونـی ئاسـۆیی و ستونیشـیاندا پێوەنـدی واتایـی دروسـت دەکـەن. لایەنـی ئیسـتاتیکی دەقەکـە جوانتر دەکەن.هەروەهـا لـە شـیعرێکی تریشـدا هاوشـێوەی وشـەی منـداڵ وشـەی «گەلیـان» هەڵوەشـاندۆتەوە و کارەسـات و داگیـرکاری و پارچـە پارچەکردنـــی نەتەوەکـــەی لـــە چوارچێوەیەکـــی وێنەیەکـــی زەینـــی خســـتووەتە ڕوو، هـــەر وەک دەڵێـــت:

دڵی گەلیان لە کفنێکی ڕەشدا بە خاک سپارد

دڵی گ لە کفنێکی ڕەشدا بە خاک سپارد

دڵی ە لە کفنێکی ڕەشدا بە خاک سپارد

دڵی ل لە کفنێکی ڕەشدا بە خاک سپارد

دڵی ی لە کفنێکی ڕەشدا بە خاک سپارد

دڵی ا لە کفنێکی ڕەشدا بە خاک سپارد

دڵی ن لە کفنێکی ڕەشدا بە خاک سپارد

(ڕەنجدەر٢،٢٠١٨، ل:٢٨٦)

زمانـی شـیعری، زمانێکـی لادراوە سـەرپێچیکارە لـە زمانـی ئاسـایی. یاسـای ڕێزمانـی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە. کەواتـە شـاعیر ڕۆڵـی دایکێـک دەگێرێـت لـە بەرهەمهێنانـی وشـەی تـازە و ئـەو وشـانەش وێنـە و بینینـی سـەربەخۆ و خواسـتراو دەخەنـەوە و بـوار بـۆ کەڵەکـە بوونـی هێـما و ئامـاژە واتاییـە بـاوەکان ناهێڵێتـەوە. بـە لێکدانـەوەی ئـەم دەرهاویشـتانەش لـە پەیکـەری بنیاتـنراوی ئـەم ژانـرە ئەدەبییـە بـێ چەنـد و چوونـە دەسـەڵات و هەژموونـی شـاعیر هەسـتی پـێ دەکرێـت بەسـەر زمانـە شـیعرییە کۆکراوەکـەی لـە سـەرئەنجامی تێپەڕبوونـی زەمەنـدا. (طـە،٢٠١٥، ل:١٠٣).

٥. پێڕەونەکردنـی خاڵبەنـدی: یەکێـک لـە تایبەتمەندیەکانـی تـری شـاعیر دادەنرێـت، واتـە هیـچ جۆرێکـی خاڵبەنـدی لـە سـەرتا سـەری دەقـە شـیعرییەکاندا پێـڕەو نەکـردووە. هـۆکاری بـەکار نەهێنانـی ئەمـەش بـۆ نەزانیـن و پشتگوێخسـتنی شـاعیر ناگەڕێتـەوە، هـەر وەک لـە بـارەی بەکارنەهێنانـی دەڵێـت: «پێڕەونەکردنـی خاڵبەنـدی لای مـن نەزانیـن نییـە بگـرە وەک مەبەسـت و هونـەر گەڕانەوەیـە بـۆ هەسـتی سـەرەتایی کـوردی و ڕەسـەنایەتیی کەلەپـوور. لـە سـپێتی کاغـەز و دابەشـکردنی وێنـەدا هەسـت و نیشـانەکانی خاڵبەنـدی لـە ئاسـتەکانی دەربڕیـن لـە خەیـاڵ و زەینـی خوێنـەر دەستنیشـانیان دەکـەم. بـێ خاڵبەنـدی ڕسـتە شـیعرییەکان دەبێتـە ڕستەیەکی ئاسـتدار و دۆخگـۆڕ و زەینـی.» (ڕەنجـدەر١،٢٠١٩،ل:٢٢). واتـە شـاعیر بـە مەبەسـتی بەخشـینی شـێوازێکی زەینـی و فرەوانکردنـی خەیاڵـی خوێنـەر بـەکاری نەهێنـاوە. هەروەهـا بـۆ ئـەوەی دەقـە شـیعرییەکانی لـە ڕووی واتـاوە سـنووردار نەبێـت. واتـە

بەکارهێنانــی خاڵبەنــدی بــە بۆچوونــی شــاعیر وا لــە ڕســتە دەکات دیاریکــراو بێــت و واتاکەشــی ســنووردار‌بێت، چونکــە کاتێــک نیشــانەی پــرس بەرانبــەر ڕســتەکە دادەنرێــت، ئــەوا خوێنــەر لــە واتــا و مەبەســتەکەی دەگات، کــە پرســیارکردنە لــە بــارەی شــتێک یــان کەســێک، بــەڵام بــە دانەنانــی ئــەم نیشــانەیە مەبەســت و واتــای ئــەم ڕســتەیە لــە زەیــن و خەیاڵــی خوێنــەر واتــای جیاوازتــر لــە خــۆ دەگرێــت. هەروەهــا شــاعیرلەم بارەیــەوە دەڵێــت: «لــە درێژایــی ئەزموونمــدا ئەرکــم لــە نیشــانەکانی خاڵبەنــدی وەرگرتووەتــەوە، ئەرکــم داوە بــە وشــە و وێنــە و هەســتی زمــان.» (ڕەنجــدەر،٢٠٢١،ل:٤٠). هــەر وەک لــە کۆپلەیەکــی شــیعریدا ئــەو تێڕوانینــە دووبــارە دەکاتــەوە و دەڵێــت:

شیعرەکانم دڵسۆزمن و ژیانی لەوە باشتر ناژین

داواشــم لــە خاڵبەنــدی کــردووە واز لــە ڕاوەدوونانــی ڕســتە بێنێــت

ئێستا هەر ئەوەندەم لە سەرە

لــە نائومێــدی نــە ترســم و بشــزانم هەوێنــی ئاســوودەیی نامەیێــت

(ڕەنجدەر،٢٠٢٠،ل:٨)

لەگــەڵ ئــەوەی نیشــانەی خاڵبەنــدی بــە کارنەهێنــاوە، بــەڵام لــە هەمــان کاتــدا لــە نێــو دەقــە شــیعرییەکانیدا دەقێکــی شــیعری تەرخــان کــردووە بــە خاڵبەنــدی و نیشــانەکانی، وەک «خــاڵ، جووتخــاڵ، ســێ خــاڵ، کەوانــە، هێڵــی لار، تەقــەڵ، وێرگــوڵ، ئەســتێرە، نیشــانەی پــرس، نیشــانەی سەرســووڕمان». هــەر نیشــانەیەک چەنــد دێڕەشــیعرێکی تەرخــان کــردووە بــۆی کــە لــە بــارەی مێــژووی شــیعری کوردیــەوە، «یەکــەم شــیعرە لــە بــارەی خاڵبەندییــەوە نووسرابێــت، کــە تیایــدا شــاعیر خاڵبەنــدی وەک ڕێســایەکی زمانەوانــی و ڕێزمانــی دەکاتــە تیمەیەکــی شــیعری، بــەڵام پێویســتە لێــرەدا ئــەوە بگوترێــت خاڵبەنــدی لــە پــاڵ مانــای زمانەوانــی خــۆی ڕەهەندێکــی دیکــەی واتایشــی هەیــە، کــە بەشــێکە لــە مانای شــیعری بــەو دەربڕینــەی کاتێــک شــاعیر باســی یــەک خــاڵ و دوو خــاڵ و ســێ خــاڵ دەکات ئەمانــە هــەر تەنیــا ئاماژەیــەک نیــن بــۆ ناسینەوەی مۆرفیمــی ڕێزمانــی، بەڵکــوو دەلالەتــی دیکەشــیان هەیــە. یــەک خــاڵ ئاماژەیەکــە بــۆ ئــەوەی کــە وشــە هەیــە لــە زمانــی کوردیــدا یــەک خاڵــی هەیــە وەک: خــاڵ، خــاک، خــەو، خــەم، خــۆر، خــوێ... وشــە هەیــە دووخاڵــی هەیــە، وەک: شــیرین، تــاڵ، گریــان، پێکەنیــن... وشــەش هەیــە ســێ خاڵــی هەیــە، وەک: دژوار، ڤــاڵا، تــۆپ، شــەو... بــێ گومــان نموونــەی دیکــەی لــەو شــێوەیەش زۆرن. ئەگــەر ســەرنج لــەو وشــانە بدەیــن، دەبینیــن لــە پــاڵ ئــەوەی خــاڵ نیشــانەیەکە بــۆ ناســینەوەی لێــک جیاکردنــەوەی وشــەکان لــە ڕووی ڕێزمانییــەوە هــاوکات ئاماژەیەکیشــە بۆگۆڕینــی واتــای بنەڕەتــی وشــە بــە ئاڕاســتەی مانــای جیــاواز بــەو دەربڕینــەی یــەک خــاڵ دەتوانێــت کــۆی واتــا وشــەیەک بگۆڕێــت و بــە گۆڕینــی واتــاش مانــا دەگۆڕێــت.» (ڕەوانــدزی،٢٠٢١،ل١١) یاخــود بــە واتایەکــی تــر دەتوانیــن بڵێیــن بەکارهێنانــی خاڵێــک و دوو و ســیان بــۆ یاســای بڕگــە لــە زمانــی کــوردی دەگەڕێتــەوە، چونکــە لــە زمانــی کوردیــدا وشــەمان هەیــە لــە یــەک بڕگــە پێــک هاتــووە وشەشــمان هەیــە لــە شــەش بڕگــە پێــک هاتــووە، بــەڵام نیــوەی زیاتــری وشــەی کــوردی لــە یــەک تــا وەکــوو ســێ بڕگــە پێکدێــت. لــە هەمــان کاتــدا لــە ڕووی ڕیزبوونییــەوە ئــەو واتایەمــان لا دروســت دەکات کــە زمانــی کــوردی لــە ڕووی جــۆری ڕســتەکانەوە بــە پلەبەنــدی زیاتــر ڕســتەی هەواڵــی دەگوترێــت دواتــر ڕســتەی پــرس و سەرســووڕمان، ڕستەکان زیاتــر ســادەن بۆیــە ســەرەتا بــە خــاڵ دەســت پــێ دەکات لــە پــاڵ ئەمــە چەنــدان واتــای شــاراوەی حەشــارداوە، هــەر وەک لــەم چەنــد کۆپلەیــەدا دەڵێــت:

خاڵ

خاڵ لە شەرمێکی گەمژانەی ڕستە ڕادەگرێت

زەمینیش دەخولێتەوە و بە دوای خورپەیەکی بە هێزەوەیە

...

دووخاڵ

کاتەکانی ڕۆژی پشوو دوو خاڵ بوون لە سەر یەک

دوو لێــوی کەمخوێــن پەیامێکیــان لــە نــاو خۆیانــدا سەرســام کــردووە

هاوهێزی ئەستێرەن

...

سێ خاڵ

خــاڵ بــە ڕەنگــی ســوورێکی گــەرم و دەنگێکــی دۆســتانە

خۆتمـان پـێ بناسـینە
لە پێناو چیدا درێژ دەبێتەوە
چاوی دوێنێ چی بە دی کردووە

(ڕەنجدەر،٢٠٢١،ل:٤٠)

٦.بەکارهێنانـی وشـە و دەسـتەواژەی تایبـەت بـە خـۆی: لـە نێـو دیوانـە شـیعرییەکانی شـاعیردا چەنـدان وشـە و دەسـتەواژە بـەر چـاو دەکەوێـت کـە تێیـدا تایبەتـە بـە تێڕوانیـن و خـودی شـاعیرەوە، یاخـود بەشـێک لـە وشـەکان لـە ڕووی ئـەرک و واتـا فەرهەنگیەکـەی داماڵـڕاوە و واتایەکـی تـری پێبەخـشراوە، یاخــود بــە شــێوازێکی نــوێ دارێــژراوە، ئەمــەش ئــەوە دەگەیەنێـت کـە فەرهەنگـی زمـان لـە ڕووی بەکارهێنانـەوە لای شـاعیر نـە بۆتـە بەربەسـت و ڕێگـر لـە بەرانبـەر جیهانـە گەردوونییــەی کــە لــە خەیــاڵ و زەینــی دروســتی کــردووە. نـازک ملائکـە پێـی وایـە زمانـی شـیعری «بەرگـی ئیحائـی و نوێیەتـی ناپۆشـێ، تەنیـا لـە بـەر دەسـتی شـاعیر نەبـێ لـە نـاو ئـەو فەرهەنگـە فرەوانانـە وشـەکان دەهێنێـت و لـە بەرگێکـی دەربڕینـی نـوێ لێـوان لێـو کـە ئیحـا و هێـماکان دەیـان دوورێـت بـەم جـۆرە شـاعیر گەشـە بـە زمـان دەدات زیاتـر لـە زمانـەوان و ڕێزمانسـازێک، چونکـە گۆڕانێکـی کرۆکـی لـە فەرهەنگـە وشـە بەکارهاتـووەکان ئـەدەب سـەردەمەکەیدا دەکات.» (شـەورۆ،٢٠١٣،ل:١٥٤) ئـەم ڕۆژگارە بـە سـەر چـوو کـە شـاعیر بـۆ نواندنـی بلیمەتـی و لێهاتوویـی خـۆی ئەسـپی توانـای خـۆی لـە مەیدانـی زمانـە بێگانەکانـدا تـاو بـدات. هـەر بۆیـە «وشـەکان جوگرافیـای تایبەتمەنـدی دونیایەکـن لـە مانـای فەرهەنگیــی خۆیــان داماڵــراون نــا ئاســایین، بــەڵام شــیعر پیتێنـەرە بـە مانـا نـا دژەبـاو دەیانپیێنێـت و بـە مەدلوولـی دیکـە. بۆیـە ئـەو مانـا شـیعرییە تازانـە وای لێدەکـەن بـە تاســە و مەراقــەوە ســەفەرەکانی ئەنجــام بــدات و هــەر گەشتێکیشـی لـە گەشـتەکەی پێشـووی جیـاواز بێـت و نامـۆ بوویەکـی تـری هەبێـت.» (نـادر،٢٠١٤،ل:١٦٧) واتـە شـاعیر لـە نێـو فەرهەنگـی زمانەکـەی دەتوانێـت زمانێکـی تایبـەت بەپێـی بەرنامـەی خـۆی دروسـت بـکات و گەنجینەیەکـی پـڕ لـە وشـە و دەسـتەواژە، کـە جیـاواز بێـت لـە زمانـی ئاسـایی بخاتـە بەردەسـت کـە بـۆ یەکـەم جـار گوێبیسـتی بیـن، یاخـود بـەو شـێوازە بەکارهاتبێـت. بەمـەش وشـە لـە نێـو چوارچێـوەی هونــەری شــیعریدا واتایەکــی زەینــی لــە لای هــەر خوینــەر بەرجەســتە دەکات.

هــەر بۆیــە لــە نێــو دەقــە شــیعرەکانییدا چەنــدان وشــە تایبــەت بــە شــاعیر وەک نموونــە دەتوانیــن بهێنینــەوە لەوانـە: «ترسـبارم، تـرس گـەرم، تەشـق، ئاوەسـۆی، کەڵکێـش، لــە خۆگــەراوە، بــەرەواژی، پشــکفت، لــکل، هــەڵ لووشــتن، ناکەســبەچە، شــەقاو، پێــوزە، بووکــە بــاخ، ژیاننــووس، هاونووێنــی، پەرچــوو، هەڵبــزکاو، قوشــقاغەز، قــەدەم، وەنــا، ئەنوایـی، وەگـەڕ، مـەزدار، هەڵوەسـتە، بەهەشـتەوان، گیانـاس، ئاوزینـگ، چـا پەسـت، گـەف، چۆقـە، پـۆرگ، هەتـرەش، زگـی، داوەڵ، کتێبــەوان، گشــتەک، سروشــتدار، واڕســک، ئاقیقــەوان، شــورەبەند، لــە هۆشــخۆچوون، دارشەخســەکان، نهێنیبیــن، قلمقـاس، پاڵەوانبـا، تەمەنکشـاو، دڵ ئـاگا، چلـوان، جۆگـەوان، پەیتون،پاقژگــە، لارەمــل، ماســیروان، پۆســکارت، هەتــاوەوان، مــردارن، تێگــەڕاو، چلێــس، تفــر، تەکــس، سـۆیە، لێهەڵبــووم، لێوڕێــژ، گۆڵــم، ئینهــاد، نوبەتــدار، نــواوە، لایــدی، بۆڵێــڵ، ئــەوی، قوپــۆک، گاڵــەو گاڵ، تاســە، خۆشــڕو، ڕێــڕێ، گەچــڵاو، پرشــنگرێژ، فایبــەر، تــۆڕەوان، کەواندووە،کرۆشــت، ئــاوەز، دەســتاژۆ، کەڵەکــەوان، هــاڵاو، کــۆڕاڵ، پارێــزاو، ڕەنبــەق، ناقــۆڵا، سرووشــەوان، ئەمــەک، گــرداو، لــوولاق، جــەلاد.»

لەپـاڵ ئەمەشـدا، کۆمەڵێـک دەسـتەواژەی بـە شـێوەی دیارخـەر و دیارخـراو بەکارهێنـاوە کـە لـە ڕووی بەکارهێنانیانـەوە لــە زمانــی ئاســایی بــەم شــێوەیە بەکارنەهێــنراون. لەوانــە: «قیـژەی یەکەمیـن کتێب،گونـدی گەنجینـەی منداڵیـم، بەلەمـی هەڵخەڵەتانــدن، بەروبومــی زێدەڕۆیــی، ڕووخســار زیــرەک، چــاوی پەنجــەرە، ئــەی ئاســوودەیی، کانــی وەفا،هێشــووی سـێبووری، مێرگـی سـەمازان، نوێـژی درۆ بەوانـدن، ئەشـکەوتی خەواڵــوو، ئینجانــەی ســێبووری، درەختــی ڕووناکبەخــش، خواوەنــدی هێلکــە ڕۆمانســی لێــوی پەڕیــوم، میهرەجانــی ســۆز، ســپێدەی تەمەنــی ڕســتە، بومەلــەرزەی مەســت بــە خراپەکاری،هــەوری وجاغــڕوون، لووتکــەی بــاران خــواروو، خرۆشــی بۆیــە کــراو، جۆگــەی شــەوی ڕوون، ســەیرانگای ستایش،قامیشــەلانێکی کەڕ،کاتژمێــری عەشــق، ســاڵی مــردوو، درەختــی گونــاح، بەژنــی درەخــت، نەرمــە دەنگــت، بــازی

بـاڵ بۆنخـۆش، درەختـی چارەنـووس، هەنگـی شـیعر، گرێـی بـا، تکـەی تیـزاب، خەونـی گـەڵا، چـاوی حیکمـەت، کەڵبـەی بـەڵا، وەرزی خوێـن، سـڵاوی وەفـا، تەرمـی بەفـر، شـەقامی گەچـڵاوەکان، متفەڕکـی حیکمـەت، بۆنـی سـێبووری، دەرزییـە بـاران، هەنگوینـی خودایـی، دیـواری تەمـەن، ئـاوی پەشـیمانی، قـەڵای هەڵتراو،گیرفانـی وەسـیەت، بـاڵ گەچـڵاو، برژانگـی بـۆ شـایی، پەنجەکانـی جۆگـە، سـزایی نەمریـی، گۆمێکـی لاڵ، پەپوولـە پایـزە، نوێـژی درۆ بەزانـدن، بارانـی تەوەزەلـی، کابووسـی ناقۆڵا،خۆڵـە پەتانـێ، قۆپەنـە گیـا، تووڕەییەکـی تەنـک، شـاری بێـزراو، لافاوێکـی هـار، سـێپای منداڵـی، خۆڵـی چارەنـووس، گوللـەی شـەرمن، سـێبەری شـووم، ماسـولکەکانی ڕێگـە، لکوپۆپـی مێـژوو، چـرای پیـر، فرمێسـکی شـکۆ، ناوکـی ڕووناکـی، پـردی شـکاو، یەخـەی شـەقام، هەسـتی کات، دڵـی کێـل، ئـاوی گومـان.»

جۆرێـک لـە وشـەش بەرچـاو دەکەوێـت کـە لـە نێـو زمانـی کوردیـدا تایبەتـە بـە شـێوەزارێک لەوانـە: «داڵغـە، قادرمـە، خەنـی، عەلاگـە، لینگاوگـۆڕ، تەڵـغ، ئتـوو، تـەوەزەل، چیچکانـەوە، قادرمـە، داغبـوو، خلـۆر، دەبدەبـە، دەمـوودوو، سـاپیتە، داکانـە و بابانـە، کەپـوو، کێشـکەیەکیش، وردکەنـان، تەڵەزگـە، ئـاروو، شـەوە، عارد،شـە، نەوییاتـی، بـرک گوفـەک، کیهـا، ڕۆخ، کیـژ، ڕەژوو، گەمـە، زەرتـک، پەلـک، مزگەفـت، جەمەدانـی، قوشـکاغەز، بالیـف، خـاوس، دەرۆزەکـەر، قرپۆک،غاردان،،چێورمـە، پاکـژ، دووگـرد، گەچـڵاو، داوەت، بـرادەر، قرێـژ، تەشـقەڵە.»

جگـە لەمانـە هەندێـک وشـەی ئایینـی بەرچـاو دەکەوێـت کـە بـە درێژایـی ئەزموونـە شـیعرییەکەی شـاعیر لـە سەرتاسـەری دیوانـەکان بـە گرینگـەوە بەکارهێنـاوە و بەرچـاو دەکەوێـت، لەوانـە: «حەوتەوانـە، سـێوی حـەوا، مووسـا، عیسـا، محمـد، پێغەمبـەر، سرووش، کفـن، ئـادەم، پەریانیـن، تەیەمـوم، تەکیـە، خوداوەنـد، گومـان، حیکمـەت، نـەزر، فەرمـوودە، بەهەشـت، دۆزەخ، وێـرد، نوێـژ، مزگەفـت، پرسـە، فریشـتە، دوعـا، نـزا، بەرمـاڵ، تەزبیحات،ڕووگەنما،مـەرگ، گونـاه، جنۆکـە، ئەهریمـەن، مەسـیح. نـزرگا، حەلاڵـزادە، گونـاه، دەسـت نوێـژ گرتـن، ئـاوی خـدر، خـدری زینـدە، نـووح، ئـاوی پیـرۆز، درووود.»

بـەم شـێوەیە دەردەکەوێـت کـە شـاعیر بەشـێوەیەکی هۆشـەکی و دەروونـی هەندێـک وشـە و دەسـتەواژەی تایبـەت بـە خـۆی داهێنـاوە لـە ڕووی بەکارهێنـان و واتـاوە پێچەوانـەی بەکارهێنانـی ئاسـایی خۆیەتـی، وشـە و دەسـتەواژەکان لـە نێـو دەقـە شـیعریەکان ئـەرک و واتایـان لێوەرگیراوەتـەوە و بەپێـی زەینـی خوێنـەر واتـا و چەمـک دەدەن بـە دەقـە شـیعرییەکان. ئەمـەش هەمـووی بـۆ ئـەو ئەزموونـەی دەگەڕێتـەوە. بۆیـە داهێنانـی نـوێ پێویسـتی بـە زمانێکـی نـوێ دەبێـت بـۆ بەرجەسـتەکردنی وێنـەی زەینیـش، وەک لایەنێکـی گرنگـی ئـەم ئەزموونـەی شـاعیر وایکـردووە زمانێـک لـە نێـو دەقـە شـیعرییەکانیدا ڕەنـگ بداتـەوە پـڕ بـە پێسـتی ئەزموونەکـەی بێـت.

**ئەنجام**

لـە کۆتایـی ئـەم توێژینەویـەدا گەیشـتین بـە چەنـد ئەنجامێـک، کـە لـە خـوارەوە دەخرێتـە ڕوو:

١-زمانـی شـیعری لای سـەباح ڕەنجـدەر ڕۆڵـی سـەرەکی دەبینێـت لـە بەشـێک لـە چۆنیەتـی دروسـت بوونـی جـۆری وێنـەی زەینـی بەشـێک لـەو وێنـە زەینیانـەی کـە دروسـت دەبـن بـە هـۆی چۆنیەتـی ڕیزبوونـی کەرەسـتە زمانیـەکان و ڕۆڵیـان لـە نێـو ڕسـتەکانی زمانـدا. لەڕێـی زمانـەوە ئـەو تێهزریانـە بـۆ بەرانبـەر دەگوازێتـەوە. زمانـی شـیعری زمانـی ویـژدان و هەسـت و زەینـی و لایەنـی خـودی مرۆڤـی تێـدا ڕەنگیداوەتـەوە. زمانێکـی خەیاڵـی و ڕەمزییـە لـە سـەرووی زمانـی ئاسـاییەوە.

٢-جۆرێـک لـەو وێنـە زەینیانـەی کـە دروسـت دەبـن لای سـەباح ڕەنجـدەر دەکرێـت لـە ڕاسـتیدا وێنەیەکـی گواسـتراوەی واقیـع بێـت، بـەڵام واقیعێـک کـە شـتەکان تێیانـدا واتایـی بـن، واتاییـن جەسـتەیەکیان نییـە بەرانبەریـان دابنرێت.بۆیـە زمـان لـە چوارچێـوەی شـیعردا بەپێـی واتاسـازی لێکدانـەوەی بـۆ دەکرێـت.

٣-یەکێـک لـە تایبەتمەندیەکانـی تـری شـیعری شـاعیر بریتییـە لـە بەکارهێنانـی نیشـانەی بیـرکاری، واتـە لـە پـاڵ کەرەسـە زمانییـەکان سـوودی لـە نیشـانە و هاوکێشـەی بیـرکاری وەرگرتـووە بـۆ گەیاندنـی پەیامەکـەی.

٤-شـێوازێکی تـر لـە بەرکاهێنانـی زمـان لای شـاعیر بریتییـە لـە چـڕی و کورتبـڕی لـە ڕسـتەدا. بەکارهێنانـی زمانـی تەلەگرافیانـە، بـە شـێوەیەک هەندێکجـار ڕسـتەکان لـە وشـەیەک یـان دوو وشـە زیاتـر نیـن.

٥-تایبەتمەندیەکـی تـری شـاعیر لـە بەکارهێنانـی زمانـدا بریتییـە لـە گۆڕانـکاری کـردن لـە تۆبۆگرافیـای شـیعری لـە ڕێگـەی زمانـەوە زەینـی خوێنـەر بجوڵێنێـت و پەیـام و بـۆ چوونـی خـۆی بگەیەنێـت. بـەم شـێوەیە هەڵوێسـت وەرگرتـن لـە وشـە بەخشـینی مانـای جیـاواز بـە وشـە لـە بەرهەمهێنانـی دەقـی شـیعریدا. هەروەهـا وشـەی لـە واتـا فەرهەنگیەکـەی خـۆی داماڵییـوە و واتایەکـی زەینـی بـە بـەر وشـەکان کـردووە، کـە لـە ئەنجامـی بـە یەکـەوە بەسـتنی وێنـەکان لەگـەڵ یەکـتری وێنـە زەینیەکـە و واتـای وشـەکان ڕوونـتر دەبێـت.

٦-جگـە لـەم تایبەتمەندیانـە هەندێـک شـێوازی بەکارهێنانـی تـری زمـان لای سـەباح ڕەنجـدەر بریتییـە لـە هەڵوەشـاندنەوەی وشـە بـۆ پیـت، تێکشـکاندنی پێوەنـدی واتاییـی وشـەکان لـە ئاسـتی ڕسـتەدا، واتـە شـاعیر لـە شـیعرەکانییدا گەمـە بـە زمـان و وشـە و ڕسـتەکان دەکات، بەجۆرێـک لـە ئاسـتی ڕسـتە سـازیدا گرنگـی بـە جۆرێکـی ڕسـتە داوە ئەویـش ڕسـتەی کراوەیـە.

**سەرچاوەکان**


زمانی کوردی

کتێب:

ئەحمـەد، سـافیە محەمـەد، ٢٠١٣، لادان لـە شـیعری هاوچەرخـی کوردیـدا، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، هەولێـر.

بۆڵـی، غەمگیـن، ٢٠١١، ئـەدەب وەک بـە شـێک لـە ڕۆح، چاپخانـەی ڕۆشـنبیری، هەولێـر.

حسـێن، سـالار کەریـم، ٢٠٢١، نووسـینی ئۆتۆماتیکـی لـە شـیعری نوێـی کوریـددا، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی سـەردەم، سلێمانی.

حەبیـب اللـە، جـمال، ٢٠١٣، دەروازەی شـیعر ناسـین، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەیناریـن، هەولێـر.

حوسـێن و نـازم، هیمـداد و سـەنگەر،٢٠١٨، ڕێبـازە ئەدەبییـەکان، سـیروس شەمسـیا،چاپی یەکـەم، دەزگای ئاوێـر، هەولێـر.

ڕەنجـدەر١، سـەباح،٢٠١٨، دیوانـی سـەباح ڕەنجـدەر، بەرگـی یەکـەم، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی تـاران، تـاران.

ڕەنجـدەر٢، سـەباح،٢٠١٨، دیوانـی سـەباح ڕەنجـدەر، بەرگـی دووەم، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی تـاران، تـاران.

ڕەنجـدەر١، سـەباح، ٢٠١٩، چـوار کتێـب لـە بـارەی شـیعرەوە، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕۆشـنبیری، هەولێـر.

ڕەنجـدەر٢، سـەباح، ٢٠١٩، بەهـا و هەڵـەی پێشـبینیەکان، چاپـی یەکەم، چاپخانـەی تـاران، تاران.

ڕەنجـدەر، سـەباح،٢٠٢٠، سـەرەتا وشـە بـوو، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی تـاران، تـاران.

سـاڵح، حەکیـم مـەلا،٢٠١٦، زمـان وبیرکردنـەوەی شـیعری، چاپخانـەی ڕۆشـنبیری و بەڕێوەبەرایەتـی ڕاگەیانـدن و چـاپ و بڵاوکردنـەوە، هەولێـر.

شـەورۆ، فازیـل،٢٠١٣، لێکۆڵینـەوەی ئەدەبـی، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، بڵاوکـراوەی ئەکادیمیـای کـوردی، هەولێـر.

عەبدوڵڵا، و:عەبدوڵموتەلیـب،٢٠٠٥، ئەدۆنیـس دوو گفتوگـۆی فیکـری و ئەدەبییـە، چاپـی یەکـەم، بڵاوکـراوەی سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی فیکـری و ئەدەبـی نما، هەولێر.

عەبدوڵموتەلیـب،٢٠٠٨، ئەدۆنیـس- ئەفسـونکاری وشـەکان، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی منـارە، هەولێـر.

عەسـکەر، دانا،٢٠٠٩، مانـا و دەلالەتـە شـاراوەکانی دەق، چاپـی یەکـەم، دەزگای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، سـلێمانی.

غەمبـار، کەمـال، ٢٠٠٨، بـەرە و جیهانـی چەنـد شـاعیرێک، چاپـی یەکـەم، بڵاوکـراوەی ئـاراس، هەولێـر.

کەریـم، محەمـەدی مـەلا،٢٠٠٤، دیوانـی گـۆران، بەرگـی یەکـەم، چاپـی سـێیەم، چاپەمەنـی گەنـج، سـلێمانی.

کەسـنەزانی، بـوشرا،٢٠١٢، ئاسـتانەی سـبەینێ، چاپـی یەکـەم، دەزگای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، سـلێمانی.

گـەردی، و:سـەردار ئەحمـەد،٢٠١٠ تیـۆری ئـەدەب، شـکری عزیـز ماضـی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ماردیـن، هەولێـر.

لەتیـف، حسـێن،٢٠٢١، عەقڵـی شـیعر، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی سـەردەم، سـلێمانی.

مـەلا، ئەحمـەدی، ٢٠٠٥، شـیعر تەنهـا هـەر بنەمایـە، چاپـی یەکـەم، بڵاوکـراوەی ئـاراس، هەولێـر.

نـادر، ئەدیـب،٢٠١٤، گەڕانـەوە بـۆ ماڵـی یەکـەم، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، بڵاوکـراوەی ئەکادیمیـای کـوردی، هەولێـر.

مـەلازادە، ڕێبـوار محمـد،٢٠٢١، زانسـتی دەق لـە ئەدەبـدا، چاپـی یەکـەم، ناوەنـدی ئاوێـر، هەولێـر.

مەنتک، حەمە، ٢٠١١، سوریالیزم لە ئەدەبی نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

نامەی ئەکادیمی:

ئەحمەد، کەژاڵ حەمە ئەمین، ٢٠١٠، بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی، نامەی ماستەر، سلێمانی.

طە، هاوکار مامند،٢٠١٥، قەدەغەشکێنی هاوچەرخی کوردیدا باشووری کوردستان ١٩٨٠-١٩٩١، ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

گۆڤار:

خەیات، ئاری عوسمان،٢٠١٩، خەون وەک دەرکەوتە لە بەردەم هەڵچوونی منی شاعیردا ڕوانینێک لە کۆشیعری خەون واخۆی گێڕایەوەی سەباح ڕەنجدەر، گۆڤاری باران، ژمارە:١١.

دەوەن، ٢٠١٠،گەڕۆکەکانی ئێستاتیکای دەق لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، گۆڤاری ئاینده، ژمارە:٩٣، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

ڕەنجدەر، سەباح،٢٠١٣، سەرنجێک سەبارەت بە ئەزموونی شیعریی سەڵاح شوان، گۆڤاری هەنار، ژمارە ٨٧، سلێمانی.

ڕەنجدەر، سەباح،٢٠٢١، خاڵبەندی، گۆڤاری دیوان، ژمارە:٣، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

ڕۆستەم، ئاری عوسمان، ٢٠١٩، سیماکانی دەربڕینگەرایی لە شیعری سەباح ڕەنجدەردا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە: ٤٣، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

قادر و ئەحمەد، سەباح ڕەشید و بروا ڕەسوڵ،٢٠٢١، فەرهەنگی ئاوەزی (عەقڵی) ئەو بوارانەی شیکردنەوە لە بارەیەوە دەگەن، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە:٣.

سدیق، ئارام، ٢٠١٠، شیعر و توانای پەنهانکردن لای سەباح ڕەنجدەر، گۆڤاری هەنار، ژمارە:٥٦.

عەبدولواحید و مهدی، ئازاد و فاتح،٢٠٠٨، زمانی شیعری لە نێوان ئەزموونی شاعیر و ئیستاتیکای دەقدا(نالی وەک نموونە)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە:٢٤، سلێمانی.

عەلی، زانیار مەحمود، ٢٠١٥، شیعر و زمان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە:٢١٩، چاپخانەی خانی، دهۆک.

مەحموود، ئاڤێستا کەماڵ، ٢٠١٣، وێنەی هزری و ئاوازداری و لێکدانەوە سایکۆ زمانییەکان ڕۆمانی (جەمشید خانی مام)ی بەختیار عەلی وەک مۆدێلێکی جیهانبینی کورد، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە:٤٢، سلێمانی.

مەنتک، حەمە مەنتک،٢٠١٩، شیعر لە نێوان خودیەتی تاک و ئەوانی کۆدا دەقی لە (کتێبخانەی تایبەتی بابە تاهیردا)ی سەباح ڕەنجدەر بەنموونە، گۆڤاری باران، ژمارە:١١.

ڕۆژنامە:

ئیرشاد،محمد ڕەزا،٢٠١٤، ژان لاکان زمان و ناخود ئاگا گفتوگۆ لەگەڵ (محەمەد زەیمەران) ڕۆژنامەی هزر و هونەر، ژمارە:١١٩.

ڕەواندزی، سەدیق سەعید،٢٠٢١، لە نێوان ستایلی شیعری و ئەزموونی شیعریدا- لەبارەی ئەزموونی سەباح ڕەنجدەر، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە:٦١٢٢.

هوژەبری، ئەنوەر، ٢٠١٢، بۆ دەبێ شیعر سادە بێ؟، ڕۆژنامەی هزر و هونەر، ژمارە:٢٢.

زمانی عەرەبی

نامەی ئەکادیمی:

الرشیدی, نواف الحمیدی, ٢٠١١, الصورة الفنیة فی سامة بن منقذ - الموضوعات و المجالات,ماجستر, الاداب و النقد قسم اللغة العربیة وادابها, جامعة مؤتە.

زمانی فارسی:

کتێب:

داد، سیما،١٣٩٥، فرهنگ اصطلاحات ادبی- واژە نامە مفاهیم و اصطلاحات ادبی فارسی و اروپائی تطبیقی و توضیحی، چاپی (٥)، ناشر مروارید.

ئەنتەرنێت

زمانی کوردی:

عبداللە و عیسی، ئەحمەد مەحمود و هاوژین صلێوە،٢٠٢١، بنەمای هونەری لە کورتە شیعرەکانی(مودریک ژاڵی)دا گۆڤاری ڕاپەڕین، ژمارە٨.

JUR/php.index/krd.edu.uor.journal//:http

مەلا، ئەحمەدی،٢٠٢١، باجی جیانووسین، ئەزموونی سەباح ڕەنجدەر.

cultureproject .org.uk/Kurdish/ahmed mala//:http

زمانی عەرەبی:

عامرة، خولة,٢٠١٨, مفهوم الادب عند ترفیتان تودورف.

/٢٤/١٢/٢٠١٨/https://www.aljazeera.net/blogs .مفهوم الادب عند ترفیتان تودورف

**ملخص**

لغـة الشـعر هـي أحـد العنـاصر الرئيسـية والأساسـية للشـعر، الشـاعر يتعامـل معهـا بطريقـة خاصـة وباسـتخدام طريقـة خاصـة يخلـق لغـة خاصـة فيهـا، يظهـر خبرتـه وموهبتـه مـن خـلال اللعـب بفـن اللغـة، ولهـذا السـبب اللغـة في مجـال الشـعر هـي مـن خـلال جماليـات الشـعر مـع تمثيـل الكلـمات. ) بنـاء اللغـة في قصائـد صبـاح رنجـدر( هـو محاولـة لتسـليط الضـوء عـلى اللغـة الشـعرية للشـاعر

يتكـون البحـث مـن جزأيـن: الجـزء الأولى بشـكل عـام تـم الحديـث عـن اللغـة بشـكل عـام ولغـة الشـعر والروابـط الخاصـة الجـزء الثـانى تـم صنعـه في إظهـار تخصصـات اللغـة الشـعرية لصبـاح رنجـدار. في النهايـة، تـم عـرض النتائـج التـي حصلنـا عليهـا ببعـض النقـاط. في وقـت لاحـق، تـم تقديـم قائمـة المصـادر المسـتفيدة مـن هـذا البحـث.

الكلمات المفتاحية: بناء اللغة، الشعر، الخبرة، صباح رنجدار، خاص.

## Abstract

The language of poetry is one of the main and fundamental races of poetry. The poet is dealing with him in a special way. By using a special way, he creates a special language in it. He shows his experience, talent, and skill by playing with language materials. That is why the language in the field of poetry is by the aesthetic of poetry with the representation of words. Language building in Sabah Ranjdar's poems. It is an attempt to highlight the special side of the poet's language by the poet.

The research has been made in two ways. The first part in a general way talked about language. The poetic language and the special ties have been opened. The second  part has been made in showing the specialties of the poetic language by Sabah Ranjdar. In the end, some points showed the results we got.

Key words:(Language building, poetry, experience, Sabah Ranjdar, special)